لەبۆنەی جەژنی رزگاری کوردستان
بەوەرگرتنی حوکمی ذاتی پیرۆزبایی بۆ گەل و
هاوکاری یەی ئەی خوێنەوەم هاوکاریە

ژمارە ٩

هەینی

١٤-٣-١٩٧٠

نرخی « ٢٠ » فلسە

ساڵی یەکەم

هاوکاری

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە

دەزگای گشتی چاپەمەنی‌و بلاوکردنەوە دەری ئەکا
تلفون : ٦٩٧٢١

لەجیاتی سەرنوسەر :
سەربەست بامەرنی

التضامن

میری شۆڕش دان ئەنێ بە ئۆتۆنۆمی کوردستان

جەماوەری کوردو عەرەب تاشەوێکی درەنگ ڕژابوونە شەقامەکان

سەرەک بەکرئەلی : لاپەرەیەکی نوێ لە مێژووی وولاتەکەمان دەستی پێ کرد

سەرەک بەکرئەلی : بەبێ بەتەوکردنی برایەتی کوردو عەرەب دەستەبەری سەرکەوتن ناکرێ

دەسکاری دەستور بەو شێوەیەی کە دەستەبەری مافی نەتەوایەتی گەلی کورد ئەکات

تەنیا هۆی یەکەمی بەرپا بوونی شورشەکەی (١٧)ی تەمووز کە دەرربرینی بیزاری سەراپای جەماهیری عەرەبی بوو بەرامبەر هۆیەکان‌و ئەوانەی بوونە هۆی نوشستیەکەی حوزەیران ، وە لە راو خواستی میللی ناو عیراقەوە بوو بۆ گوناهبارکردنی حوکمی پیشوی کونەپەرست‌و تاکرەوی بەوەی دەوریکی هەلاتن‌و راکردنی بینی لەو کارەساتە نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌یەدا ، کە چارکردنی سەرەتایەکی پیویست بوو لەبەر دەم هەموو هەولیکی راستەقینەدا کە بیەویت وزەوتوانای ناو عیراق یەك بخات‌و بەبی چەندووچون بیخاتە کارەوە ، بەتایبەتی بیخاتە هیلەکانی پیشەوەی جەنگی چارەنووسی نەتەوەی عەرەبی‌یەوە .

لەبەر ئەمە ، شورش لەیەکەم روژی بەرپابوونی‌یەوە ئەوەی خستە پیش چاوی خوی کە پیویستە یەکیتی نیشتمانی‌ی گەلی عیراقی بهینریتە دی بەبی ئەوەی گوی بدریتە رەگەز یا زمان یا ئایین یا رووی کومەلایەتی . وە بەدی‌هینانی هەموو مەرجیکی پیویستی - سیاسی‌و کومەلایەتی‌و ئابوری - کە بناغەکانی ئەم یەکیتی‌یە پیویستی پێ هەیە بۆ ئەوەی عیراق بەهەموو تواناو وزەیەکیەوە بتوانیت بەرەو جەنگی چارەنووسی نەتەوەیی بروات .. ئەو جەنگەی بەلای شورشەوە بریتی‌یە لەو پەرەی گیرەوکیشەی میژووەیی نیوان ئیمپریالیزم‌و سەهیونیزم‌و چاوی تەماع برینیان لە نیشتمانی عەرەبی لەلایەکەوە لە نیوان بەرژەوەندی رزگاری‌و پیشکەوتنی نەتەوەی عەرەب‌و خەباتی لەپیناوی ئامانجە پیشکەوتوە مروڤایەتی‌یەکانیا لەلایەکی ترەوە .

سەرەرای ئەو پاشماوە زورو گریدارە ئالوزانەی ، شورش لەکاتی بەرپا بوونی‌یەوە تووشی‌بوو .. سەرەرای ئەمەش بە بروایەکی بەتینەوە لە رویشتنا بەردەوام بوو لەپیناوی رزگاربوونی عیراق لە پاشماوەی جی‌بی‌کانی ئیستعمارو بەکری‌گیراوی‌و گیژاوی سیاسی‌و کومەلایەتی .. وە لە هەولدانیا بۆ بەجی‌هینانی هەموو مەرجە پیویستی‌یەکانی بنیاتنانی عیراقیکی نوی کە بەراستی یەکسانی‌و ماوەدان بە هاوولاتیەکان تیایا بەدی بیت ... وە ئاسویەکی نوێ لەبەردەم هەموو جەماهیری گەلدا بکاتەوە ، لەماوەی نواندنی کاری تیکرایی نیشتمانی دلسوزانەدا بۆ یەکیتی خاکی نیشتمان‌و یەکیتی گەلەکەیی‌و ئامانجە سەرەکی‌یە مەزنەکانی لە - یەکیتی نەتەوەیی‌و ئازادی‌و ئیشتراکی‌یەت - دا .

چارە سەرکردنی مەسەلەی کوردی لە عیراقدا لە پیشەوەی ئەو گیروگرفتە نیشتمانی‌یانە بوو کە هاتنە بەردەم شورش بەتایبەتی بێ توانایی دەمەکانی پیشو لە تیگەیشتنیا ... بەلکو نەبوونی ئارەزوویەکی راستەقینە لە چارکردنیا‌و دانانی چاریکی راست بوی ... ئەمەو ئەو ئیستغلالەی لە لایەن ئیستعمارو بەکری‌گیراوەکانی‌یەوە بەرامبەری کیرا ، بوونە هۆی ئەوەی زیاتر ئالوزتربی‌و بەو جورەی لی‌بیت‌ کە گیروگرفتیکی ئەوتویە لەوە ئەچیت هەرگیز چار نەکریت ، بەتایبەتی پاش ئەوەی ئەوە چەند سالیکە تونددی‌و تیژی نواندنی شەر جیگەی گفتوگوی دیموکراتی‌و برایانەی مەوزوعی گرتەوە کە رووەکانی گیروگرفتی نیشتمانی پیویستی پی‌ی هەبوو ، وە لە دووتویی‌دا مافی رەوای بەشیکی لە گەلی عیراقی تیدا ئەبینرا .

شورش لە یەکەم روژیەوە هەولی چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە نیشتمانی‌یەی‌دا بە کیانیکی پر لە لی‌پرسراوبی‌و بەوپەری بروا بوونەوە بە بیرو باوەرەکانی دیموکراسیەتی شورشگیرانە .

بروانە ل ٢

ری رەوی
هاوکاری

بەرەو ژیانیکی نوێ ...

بەیانەکەی حکومەتی نیشتمانی ، دەربارەی چارە سەرکردنی مەسەلەی کورد هەر هەنگاویکی پیشکەوتوانە نەبوو لە سەر ریگای

بروانە لاپەرە ١٥

باشماوەی [میری شورش]

شورش كە بروای خوی لە بیروباوەرەكانی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی یەوە هەلئەهینجی بروای بەوە هەیە كە مافی نەتەوایەتی نە جەوهەرا مافیكی دیموكراتیانەیەوە بابەتەكانی بریتین لە زیندوكردنەوەی میراتی روشن بیری و زمان و نەریت و بەكارهینانی خواستی سەربەستانە ، بروای بەوە هەیە كە چەسپاندنی ئەم مافانە لە نیوان نەتەوە جیاوازەكاندا - بەتایبەتی لەیەك نیشتماندا - پیویستی بە بوونی ریگەی ئاراستەكراو هەیە بەرەو ریكخستنی پەیوەندی یەكانی نیوان ئەم نەتەوانە بەوجورەی یاریدەی پیشكەوتنی هەموویان بدات •

هەموو ئەو پلان و نەخشانەی ئاراستە ئەكریت بو لاوازكردنی ئەم پەیوەندیەو چاندنی تووی دووبەرەكی و ناكوكی ، خزمەتی سوودە هاوبەشی یەكانی رولەكانی ئەم نەتەوانە ناكەن ، بەپیچەوانەشەوە ریكخستن و بەهیزكردنی پەیوەندی نیشتمانی و مروڤایەتی لە نیوانیاناو كردنی بە هیزیك بو خزمەتكردنی پیشكەوتن ، ئەبیتە هوی بەدی هینانی هویەكانی ژیانیكی نیشتمانی پر لە گیانی برایەتی نەتەوەیی و ئاسایش •

هەر لەم بروایەشەوە بوو كە كونگرەی نوهەمی قطری پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی كە لە كوتایی سالی ١٩٦٨ وە سەرەتای سالی ١٩٦٩دا بەسترا ، هەلویستی ئایدیولوژی و خەباتی پارتی بەرامبەر ئەم گیروگرفتە نیشتمانی یە دیاری كردو گەیاندیە ئەوەی ریگەی چاركردنی لە بەردەم شورش و دەسەلاتداری شورشگیرا نەخش بكات •• ئەمەش بە پێی ئەو بریارانەی پاش كونگرەكە دەرچو كە ئەلێت :

« كونگرە ئەوەی سەلماند ، كە مەسەلەی مافی نەتەوەیی كوردەكان لە عیراقدا لە پیشەوەی ئەو مەسەلانەوەیە كە جولانەوەی شورشگیری عەرەب لە بەردەمیەوەیەتی • وە چەند سالیك بەسەرچوو بەبێ ئەوەی ئەم مەسەلەیە چاریكی پەسندی بكریت ، بویە بووە هوی ئەوەی زیان بگەینی بە هاوولاتیەكانی عەرەب و كوردو تووشی نەهامەتی و كارەساتیان بكات لە ئەنجامی ئەوەدا توندوتیژی نواندن لە چاركردنیا بەكار هینرا • وە كە هیزەكانی ئیستعمارو كونەپەرست و بەرەكانی كونەپەرست و هەل پەرستەكان هەمیشە كەلكیان لێ ئەبینی و سوودیان لە چارنەكردنی وەرئەگرت لەوەدا دەست بخەنە كاروباری عیراقەوەو تەنگی پێ هەلچن و پیلان دژی مافەكانی عەرەب و كورد پیكەوە ریك بخەن و زیان بگەینن بەو دەسكەوتە نەتەوەیی و پیشكەتوو دیموكراتیانەی لە ماوەی چەند دەمەیەكی دریژی پر لە قوربانی و خەباتی هاوبەشدا هینرایە دی • بەلام پارتەكەمان كە لە بروای نەتەوایەتی مروڤایەتی ئیشتراكی دیموكراتی یەوە خەبات ئەكاو سیاسەتی خوی دیاری ئەكات ، هەمیشە ریزی لە مافی نەتەوایەتی جەماهیری كورد گرتووە بە جوریكی نیشتمانی نەتەوایەتی و بە مافیكی مروڤایەتی رەوای دائەنی و بایەخ ئەدا بە پەیوەندی بەهیزی نیوان بەدی هینانی و نیوان تواناو راست رەوی كاروانی جەماهیری گەل لە عیراقدا بەرەو سرینەوەی جی پێ كانی ئیستعمارو خو خەریك كردنی تەواو بە جەنگی نەتەوایەتی و چارەنووسی ئیستای ناو فەلەستینەوەو بەردەوام بوون لە خەباتی میژوویدا لە پیناوی هینانەدی یەكیتی عەرەب و ئازادی و ئیشتراكی یەتا » ••

لەبەر ئەوە شوررش كە بروای بە بیروباوەرو بریارەكانی پارت هەیە دانی بەوە دانا كە هاوولاتیە كوردەكان مافی نەتەوایەتی و پیشخستنی خەسیەتە نەتەوایەتی یەكانی خویان پێ رەوا ببینری لە چوارچیوەی یەكیتی گەل و نیشتمان و پەیرەوی دەستوریدا •

وە لەوكاتەدا كە نەتەوەی عەرەب وا لە خەباتیكی فراوانا دژی ئیمپریالیەت و سەهیونیەت و كونەپەرستی ناوخوو ، ئەیخاتە ریزی پیشەوەی خەباتی گەلانی روژهەلاتی ناوەراست ، وە لەبەر ئەوەی خەباتی گەلی عیراقی توند بەستراو بە خەباتی نەتەوەی عەرەبەوە لە پیناوی دیموكراتیەت و بەگژاچوونی هیزەكانی كونەپەرستی دونیاو ناوخو بەرپائەكریت •• لەبەرئەوە شورش وای دائەنی كە یەكەم بناغەی یەكیتی نیشتمانی عەرەب و كورد لە عیراقدا ئەوەیە كە بزووتنەوەی نەتەوایەتی كوردی وەك بزووتنەوەی نەتەوایەتی دیموكراتی عەرەب ئاراستەیە دژی هەمان هیزەكانی كونەپەستو ، لە عیراقدا بەستراوە بە بزووتنەوەی رزگاری خوازی عەرەب و یەكیتی خەباتەوە دژی ئیمپریالیەت و هیزە كونەپەرستە دوستەكانی و پاشكوكانی • جگە لەوەی كە برایەتی میژوویی و یەكیتی سوودی ئابوری و پیشكەوتنی نیوان گەلی عەرەب و كورد بە خەباتی گەلی عەرەبیەوە ئەبەستێت • وە هەر تیكدانیكی ئەم پەیوەندیە لە ئەنجامدا ئەبیتە هوی گەیاندنی زیان بە خەباتی هاوبەش و پیشكەوتنی نیشتمانی بەشیوەیەكی گشتی •

ئیستعمار لەوە گەیشتوە كە یەكیتی خەباتی عەرەب و كورد هویەكە بو پتەوكردنی بزووتنەوەی رزگاری خوازی عەرەب و كوردو سەركەوتنی گەورەیان ئەداتی لە بەرهەلست كردنی پروژە دەستدریژی یەكانی ئیمریالیەتی سەهیونی ئیسرائیلیەدا لە ناوچەكەدا ، بەتایبەتی سەبارەت بەو جەنگە نەوەیی یە چارەنوسەی ئیستا لە فەلەستین و ولاتە عەرەبی یەكانی دەورو پشتیا هەیە ••• لەبەر ئەوە داموو دەزگا ئیستعماری و بەكری گیراوەكان ئەو پەری هەول ئەدەن بو ئەوەی چەندەها هو بدوزنەوە بو تیكدانی ئەم یەكیتی و برایەتی یەی نیوان جەماهیری عەرەب و كورد بە نیازی لاواز كردنی بەرەی خەباتی نیشتمانی شورشگیر لە عیراقدا •

شورش لەبەر ئەوەی لە تیگەیشتنی مەسەلەی نەتەوایەتی دا وای سەیر ئەكات كە بەشیكە لە شورشی دژ بە ئیستعمارو سەهیونیەت و كونەپەرست •• لەبەر ئەوە هیچ سەیر نیە كە شورش راست و دلسوز بیت لە هەر هەنگاویكا كە بینێ بەرەو چارەسەركردنی گیروگرفتی نیشتمانی كوردی بەو جورەی ببیتە هوی چەسپاندن و بەهیزكردنی خەباتی نیشتمانی و نەتەوایەتی دژی ئەو هیزە نامروڤایەتی یانە •

لەبەر ئەوە پێ رەوا بوونی جەماهیری كوردی لە بەكارهینانی مافە نەتەوایەتی یەكانیاو بەدی هینانی یەكسانی تەواو لە دەرفەتی پیشكەوتنی سەربەستدا ، دوو ریگەی پیویستن بو یەكخستن و پتەوكردنی خەباتی نیشتمانی لە عیراقدا دژی دوژمنانی میللەتان و دوژمنانی نەتەوەی عەرەب و گەلی عیراق - كە بریتین لە ئیمپریالزم و سەهیونیەت و كونەپەرستی بەكری گیراو - •

پیلانەكەی ئیستعمارو سەهیونیەت و كونەپەرستان بو سەر كوماری عیراق لەو كاتەدا بە ریكەوت نەبوو كە مژدەی ئاسایش لە ژووروی خوشەویستمانا بە دیار كەوتبو بەهوی ئەو هەولە دلسوزانەوە كە حكومەتی شورش دای وە ئەو هاتنە پیشەوە دلسوزانەی لەلایەن سەركردایەتی بەریز مصطفی بارزانی یەوە بینرا •

شاراوە نیە ، كە شورش لای خویەوە كەوتە ئیش كردن و كاری پیویست بو بەدەست هینانەوەی هویەكانی چەسپاندنی دلنیایی و ئاسایش لە ژووروی عیراقدا بەوەی ئەم كارانەی كرد :-

أ - دان بە بوونی شەرعیانەی نەتەوەی كورددا نرا ، بەپێی بریارەكانی كونگرەی قطری نوهەمی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی و ئەو بەیانە رەسمیانەی لەلایەن دەسەلاتداریتی شورشگیرەوە دەرچوو كە ئەم راستیەش بەتەواوی لە دەستووری كاتی و دەستووری هەمیشەیی دا جی ی خوی ئەگریت •

ب - ئەنجومەنی سەركردایەتی شورش بریاری دا بە دامەزراندنی دانشگایەك لە سلیمانی ، وە پیك هینانی كوزمانی زانیاری كوردی ، هەروەها دانی نا بە هەموو مافیكی روشن بیری و زمانی نەتەوەی كورددا ، وە خویندنی زمانی كوردی لە هەموو قوتابخانەو خویندنگاو دانشگاو قوتابخانەكانی ماموستایان و كولیەی سەربازی و پولیسدا كردە پیویست ، هەروەها ئەوەشی كردە پیویست كە كتیب و نووسراوی كوردی ی زانیاری و ئەدەبی و سیاسی خواست دەربری نیشتمانی و نەتەوایەتی گەلی كورد پەخش بكری و ماوە درا بە ئەدیب و شاعیرو نووسەرە كوردەكان بو دامەزراندنی یەكیتی یەكەیان وە چاپ كردنی نووسینەكانیان و ئامادە كردنی هەموو ماوەو دەرفەتیك و توانایەك لەبەر دەمیانا بو گەشە پیدانی تواناو بەهرەی زانیاری و هونەریان ،وە دامەزراندنی دەزگای چاپەمەنی و بلاوكردنەوەی كوردی ، وە دامەزراندنی بەریوەبەرایەتی گشتی روشن بیری كوردی و دەركردنی روژنامەیەكی هەفتەیی و گوڤاریكی مانگانەی كوردی و پتر كردنی پروگرامە كوردیەكانی تەلەفزیونی كەركوك تا ئەو كاتەی ئیستگەیەكی تایبەتی تەلەفزیونی كوردی ئەكریتەوە •

ج - وە لە دان ناندا بە مافی هاوولاتیە كوردەكانا بەوەی یادی بیرەوەری و جەژنە نەتەوەیی یەكانی خویان بكەنەوە، وە لەپیناوی ئەوەدا كە هەموو گەل بەشداری لەگەل رولە كوردەكانیا بكات لەم جەژنانەدا ، ئەنجومەنی سەركردایەتی شورش بریاری دا جەژنی (نەوروز) ببیتە جەژنیكی نیشتمانی لە كوماری عیراقدا •

د - هەروەها ئەنجومەنی سەركردایەتی شورش یاسای محافزاتی دەركرد كە بریتی یە لە (لامەركەزیەتی) ئیدارە محلیەكان و محافزەی دهوكی پیك هینا •

ه - هەروەها ئەنجومەنی سەركردایەتی شورش لە هەموو ئەو مدنی و عسكری یانە خوش بوو كە لە رووداوەكانی ژووروودا بەشدار بوون ، بو ئەوەی هەموو شوینەواریكی خراپی رابوردو نەهیلریت و ژیانیكی نوی لە خاكیكی پر لە ئاسودەیی و هیمنی و برایەتی نەتەوایەتی فراواندا جی گیربیت •

بروانە لاپەرە (١٥)

هەستیك

بەپێی نووسی : كوردیك

****

برای عەرەب :

منی تا دوێنێ دیل و چەوساوە ••• منی گرفتاری ئازاردانی نەتەوایەتی و سەقافی منی بی بەش لە خاكی خوم ، دەست بەسراو بووم لە گوشینی دەستەكانت ، دەستەوسان بووم لەبنیات نانی دواروژی خوم •

هیچ دەرفەتیكم نەبوو ، ئەوە نەبیت بازووی خەباتی لی هەلمالم ، لەپیناوی گەیشتن بە سبەینی یەكی رووناك ترا •• كە هیوا زورە ئەمرو •• سەرەتای دەست پی كردنی بیت •

برای عەرەب :

ئیستە كە ئەلقەكانی دەستم خەریكن ئەكرینەوە ، كە تالاوی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی خەریكە لە دەرونما نامینێ ، كە هەست ئەكەم ئەبمەوە بە خاوەن خاك و مافی خوم •

هەست ئەكەم كە دەستم نزیكترە لە دەستەكانت ، كە بەهیزتر ئەیان گوشم ، كە بەتین تر گور ئەدەمە بەرخوم بو بنیات نانی عیراقی لەمەو دوامان •

بەلێ •• عیراقی من و تو •• هی منو توی سەرفرازو ئازاد ••

هی من وتوی یەكسان و خاوەن ماف •

هی من و توی برای دیرین و هاوخەبات •

هی من و توی یەك ریگەو یەك چارەنوس و ••• یەك عیراق كە عیراقی لەمەودوای هەردوكمانە •

پیروزبایی بنەمالەی (هاوكاری)

بەریز سەرەك كومار احمد حسن بكری تیكوشەر •

بەریزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شورش •

ئەو هەنگاوە پیشكەوتویەی ئاتان لەپێدانی مافی نەتەوایەتی و ئوتونومی بە كوردستانی عیراق بریتی بوو لە دەربرینی هیواو خواستی جەماهیری زەحمەت كیشانی كورد كە خاوەنی راستەقینەی سوودی چەسپ بوونی ئاسایشیكی هەمیشەیی و راستە •

بو پیشەوەبەرەو هەنگاونانی پیشكەوتوانەی تر كە بنچینەی برایەتی كوردو عەرەبی پێ بەهیزتر ئەبێ •• ئەو برایەتی یەی هەموو پیلانیكی ئیمپریالیزم و سەهیونیەكانی لەسەر وردو خاش ئەبێ ••

بنەمالەی - هاوكاری --

لەبیروباوەڕی پێشکەوتوانەی

پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی

بەلام لە سیستەمی‌دیموکراسی میللی‌هەروەکو پارتی باوەڕی پێیەتی ، حوکم بەشێکەلەمیللەت نەوەك سەرووی ئەو، وە تەفاعولی لەگەڵ جەماوەردەستبەری مانەوەی ئەکات ، هەروەها دەستبەی جێ‌بەجێ‌کردنی یاسایەکانی ، هەندێ جار ناچار ئەبێ کوتەك بەکاربێنی بەتایبەتی لەقوناغەکانی سەرەتایی شورش ، بەتایبەتی‌بەرامبەر دوژمنەکانی شورش لەپێناوی ڕامالین‌و نەهێشتنیان‌ڕەخۆی بەوە نابەستێتەوە کە بەرەی میللی دروست‌کا چونکەخوی ئاداتەکەیەتی لەشورشی کومەلایەتی ، وە چونکە ئەم‌بەرانە پێش هاتنی بوحوکم هەرهەبوون .

ئەم تی‌گەیشتنەی ڕوودراوەکان حوکم ئەبەستێتەوە بەجەماوەری میللەت ،نەك لە ڕێگای ترس‌و بەکارهێنانی هێز بەلکو لەڕێگەی بەلگەهێنانی ڕوژانە کە حوکم بەشێکی لەجیابونەوە ناهوتی‌میللەتە .

واتە حوکمی میللەت خویەتی‌وەهی هیچ تاقم‌و کەسێکی تایبەتی نی‌یە ، هەرچەندەپارتی‌ڕابەری‌و بەڕێووەبەرایەتی ئەکات .

لەهەروە گەورەترین‌کوسپ‌و تەگەرە کەدێنە ڕێگەی هەرچی کەم‌کوری حوکمی پێکهاتنی‌جهازی‌بەڕێووەبەرایەتی حوکمەکەی پێشووە ، کە حوکمی شورشگێر ، چونیەتی پێشوو هەیبووە ، کۆی کردووتەوە . وەهەرچەندە ئەم جیهازە زور عەناسری چاك‌و پاکی تێداهەیە ، بەلام ئەم بەشانەشی بەستراون بەبەرژەوەندەکانی سیستەمی پێشوو ، وەبەستراون بەکومەلی‌کون‌و پەیووەندیەکانی ، وەتازە ناتوانێ خۆی‌ڕزگارکا نەلەڕووی بەرژەوەندەوەو نەلەڕووی بیرکردنەوەوە .

بویە حوکمی شورش‌ناتوانێ‌پشت ببەستێتەوە بەم جورە جیهازە بو جێ‌بەجێ کردنی‌مەبەستەکانی خۆی ، بویە ناچارە چارەسەری ئەم‌گیروگرفتەبکات لەدوو ڕێگەوە : ـ

یەکەمیان ، خورزگارکردنەوەیە لەو عەناسرانەی کە ئاشکرا بەسراون بەسیستەمی‌کون‌و نوکەری ئەون دووەمیان دامەزاندنی عەناسری شورش‌ـگێرلەو شوێنانە بەمەرجێ کە تونای بەڕێوەبردنی ئیشەکەیان‌هەبێ .

لەڕاستیدا ئەوەناکرێ بەجارێك هەموو عەناسرە چەپەل‌و نوکەرەکان‌ڕامالی‌و عەناسری‌شورشگێر لەشوێنی ئەوان دانێ‌ی ، چونکە نەهەموعەناسرە خراپەکان ئەناسیت وەکەناسیت ناتوانی بەهرەوتوانای بەکار نەهێنێ جونکە ئەو عەناسرە شورشگێرانەت‌نی‌ە بتوانن ئەو هەمونیش وکارانە بەڕێوەبەرن .

هەواڵەکانی ناوخۆ

بەڕیز صدام حسین

لە مەسەلەی کوردئەدویت

عیراق بەرەو قوناغیکی نوی ئەڕوات

عیراق ئەمرو پێ‌ئەنیتە پلەیەکی نوێوە لە گوشەکردنی نەتەرایەتی‌و ئابوری‌و کومەلایەتی ... پلەی سەردەمیکی‌نوی لە برایی دیموکراتیانەی‌پتەو لەنێوان هەردوو ،نەتەوەی عەرەب‌و کوردا .

ئەمرو بەشێوەیەکی تەواوکوتایی هات بەشەری نێوان‌عەرەب‌و کورد لە ژورووی ولاتدا ،دوای ئەوەی بەدرێژایی‌دەسال لە تەقینەوەدا بوو .

سیادەتی صدام حسین‌جێ‌گری سەروکی ئەنجومەنی‌سەرکردایەتی‌شورش‌و جێ‌گری سکرتیری سەرکردایەتی قوتری‌حزبی بەعسی عەرەبی سوشیا‌ـلیست ، لە ووتەیەکا بو ئاژانسی دەنگو باسی عیراقی ،بلاوی کردەوە کە برایی‌ڕاستەقینە لەنێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب‌و کوردا ئەمروگەراوەتەوە دوای ئەوەی هەموو ئەو مەسەلانە چارەسەرکران کە پەیوەندیان بە ژورووی‌عیراقەوە هەبو ، هەروەها سیادەتی بلاوی‌کردەوە کە ئەم چارە سەرکردنە شەرەوەستا‌ـندنیکی کاتی ،نی‌یە وەك جاران‌بەلکو چارەسەرێکی بنەرەتی‌و سیاسی‌و دەستوری تەواوە ،کەبرایەتی نێوان کوردو عەرەب‌مسوگەر ئەکات هەتا هەتایە .

هەروەها باوەری پتەوی‌خوی دەربری لەوەدا کە ئەمەدووا ساتی نائاساییە لە پەیوەندی عەرەب‌و کورد .

سیادەتی صدام حسین‌چارەسەرکردنی مەسەلەی‌کوردی بە هەنگاویکی هاوتاو هاوشان دانا لەگەل شورشی‌تەموزا بەتەواوی ، لەڕوی‌دووا روژی مێژوییەوە .

ئاگاداری ژمارە (٢)ی وەزارەتی کاروباری سەروو دەربارەی موناقەسەی بنیات‌نانی بەشی ناوخۆیی کچان لەسلێمانی

وەزارەتی کاروباری سەروو قۆنترات چیەکان ئاگادارئەکاتەوە ئەوانەی کە خاوەنی توأناو شارەزاین و هەلگری‌باوەڕنامەی ـ زریبەی دخل‌ـی‌ئەمسالەن و ناویان لە ژووری بازرگانی تۆمار کراوە و لەلایەن لیژنەی دابەش کردنی‌قونترات چیانەوە دابەش کراون ، بۆ بەشداری کردن لەوموناقەسە نهینی‌یەی ژمارە (٢)سالی ١٩٧٠ی تایبەت بە بنیات‌نانی بەشی ناوخۆیی‌کچانەوە بەفراوانی (٢٠٠)چارپایە لە سلێمانی . ئەتوانن جەمسەری ئەو مەرجانەی کەدەربارەی بەلێن‌و نەخشەکانەلە محاسبی بەرێوەبەرایەتی ئاوەدان کردنەوەی سەرووی‌گشتی ـ کەکەوتۆتە ئەپارتمانی‌انحصار شەڤامی جمهوری ـ دەستیان کەوێ دوای دانی(١٠) دینار کە قابلی‌گەراندنەوەی نی‌یە .

بەخشسەکان ئەدرێتە دەست‌سکرتیری لیژنەی کردنەوەی‌بەخشش لە دیوانی وەزارەتی کارروباری سەروو کاك رفیق‌رحومی لە بەرگێکی موركراوی‌نیشانە دراو بۆ ناوی موناقەسەکە پیش‌سەعات یەکی‌روژی ١٢ـ٣ـ٩٠ ، بەمەرجێك‌بەسترابێ بەتأميناتی سەرەتایی کە ٥٪ی هەمو بەخشسەکەیەکە بەکاش ئەدرێ بەمحاسبی‌وەزارەت یا بەکەفالەیەکی بانقی‌یەوەکە لەیەك لەبانقەکانی‌عیراقی یەوە دەرچووبێ ،هەروا تەنیاو بەس‌ئەو چەکانەی کە پەسند کراون ، ئەبێ‌ئەوەش بزانرێ کە ئەم وزارەتەهیچ پەیوەند نیە بەوەی کە نزم ترین بەخشش یا هەربەخشسێکی تر قبول بکات .هەموو ئەو بەخشسانەی کە مەرجەکانی بەلێنی تێدا نەبێ‌ئەخرێتە پشت گوێ . بۆ زیادەزانیاری ئەتوانرێ مراجعەی شعبەی هونەری بەڕیوەبەرایەتی ئاوەدان کردنەوەی سەرووی‌گشتی بکرێ .

عبداللە خضیر

وێنەو هەواڵ

دیدەنی بریانەو شادی هەموو میللەت

نەتەوەکان و هەستکردنی نەتەوایەتی

نووسینی : ئیلینا مودر جنسکایا

گۆڕینی لەعەرەبی یەوە : جلال میرزا کریم

ئیمپریالی یەکان هەولیکی بی‌وچانیان‌دا بۆ پەكخستنی رەورەوەی پێشکەوتنی کومەلایەتی ، بەلام لەبەر ئەوەی ناتوانن چاو لەو سەرکەوتنە مەزنانە بنوقینن کە گەلان لەخەباتیانا بۆ سەربەخویی نیشتمانی‌و مافی چارەنووسی سیاسیدا بەدی ئەهینن ، لەبەر ئەمە ئایدیولوژیە ئیمپریالی‌یەکان ئەکەونە ئەوەی لەگەڵ زروفا بن‌و بەپێی باری هەمە چەشنە بجولینەوە ... کە زۆرتر لەم‌سێ لایەوە خۆیان ئەنوێنن :-

١ - بۆئەوەی پەردەیەك بە ئاودامانی‌میژووی تالان‌کردنیانا بکیشن ، ئەیانەویت بەوە قایلمان بکەن کە ئەوئیشانەی بەدریژایی سەدەکانی پێشو کردویانە بریتی بووە لەکاری باش‌وچاك بۆگەلان وەئامادە کردنیان بووە بۆ سەربەخۆ بوون ، وە وایان داوەتە قەلەم واشیان داوە بەگوێدا کە گوایە « حوکمی ئوتونومی تەنیا ئامانجی راستەقینەیانە» کە بیدەن بەگەلان !.

٢ - ئایدیولوژیە ئیمپریالی کان هەمیشە خەریکی ئەوەن رووی بزوتنەوەی رزگاری خواستی نیشمانی بشیوێنن بەوەی سەراپا بیگۆرن بە بزووتنەوەیەکی ،نەتەوایەتی پەتی ، ئەمەش بو ئەوەی ببیتە دەستەبەرەی نزیك بوونەوەیان لەدەستەو تاقمەکانی سەر بە ئیمپریالیەت لەناو بورژوازی نیشتمانی ئەو وولاتانەی وان لەریگەی پێشکەوتنا .

٣ - ئیمپریالی‌یەت‌و ئایدلولوژیەکانی سەربەم ، لەگەڵ ئەوەشدادان‌بەبی‌لایەنی دەولەتە تازەو سەربەخۆکانا ئەنین وازیش ناهینن لەو هیرش‌و پیلانانە دژی سەربەخویی ئەم وولاتانەی ئەکەن، بەلکو لەهەموو ڕیگایەکەوە ماوەی پێشکەوتن‌و هەولی پەك خستنی خەباتی ئەوگەلانە ئەدەن کە لەژیر دەسەلاتی داگیرکەراندان‌و هەولی بەدەست هینانی سەربەخویی خویانیانە .

ئاخۆ سەربارەت بەمە ئەو ریگە ئایدیولوژیانە کامانەبن کە بۆ ئەم نیازە پشتی پێ‌ئەبەستن ؟ وەلامی ئەمە بریتی‌یە لەوەی : دەستەو دایەرە حوکمرانەکانی ناو دەولەتە ئیمپریالی‌یەکان لەم سالانەی دووایيدا کەوتنە هەولیکی ئیجگار فراوانەوە بۆ ئەوەی میژووی ئیمپریالیزم بەپیچەوانەی خویەوە نیشان بدات ، ئەمەش چەند شیوەیەکی جوراو جۆری وەرگرت . بۆنمونە : زانا بورژوازیەکان بی‌ووچان خەریکن ئەوە بچەسپینن ئەگەر بیگانە نەچوایە ناو ولاتەکانی ئاسیاو ئەفریقیاوە ، هیچ کاتیك شارستانی‌یەت لەبەردەم ئەم ولاتانەدا نەئەکرایەوە . جگە لەوەی هەندیك لەوانە لەگریژە چوونی رژیمی ئیمپریالزم بەوە ئەدەنە قەلەم کەتەنیا ئارەزوویەکە ئیمپریالزم نیشانی ئەدات لەدەرچوون لەوولاتانەو ئەوەش بلاو ئەکەنەوە کە گوایە هەولیکی زوریان داوە بۆ تیگەیاندنی دانیشتوانی ئەو ولاتانەو ئامادە کردنیان بۆ ئەوەی خویان بەرن بەریوەوەو سەرپەرشتی کاروباری خویان بکەن .

رووداوە میژویی یەکان هەموو ئەم بروبیانوانەی بەدروخستوتەوە بەوەی لە ئەنجامی‌گوڕانی تای تەرازووی هیزەکان ئیمپریالزم لەزۆر لای گیتی‌دا بەزۆری چەك دەرپەرینران یاخود ناچارکران ئەو وولاتانە بەجێ بهیلن پیش ئەوەی بەزور دەرپەرینرین . گەلانی ئەندنوسیاو ڤیتنامی ژورووو جەزائیر ،، بەزوری چەك‌و پاش جەنگیکی دریژی خویناوی ئازادی‌یان وەدەست هینا . بەلام هیندو بورماو سیلان بەبێ ئەوەی پەنا بەرنەبەر چەك سەربەخویی‌یان بەدەست هینا ، بەلام پاش ئەوەی بزووتنەوەی رزگاری خوازی نیشتمانی لەم ولاتانە دا بووبوە ئەوهیزە مەزن‌و پتەوەی کە داگیرکەران بخاتە بەردەم دووکارەوە : یان ئەبێ سەربەخویی سیاسی‌یان پێ‌بدەن بەئومیدی ئەوەی پاریزگاری هەندی سوودی ئابوریان بکەن یان ئەبێ بەرەنگاری تەقینەوەی بیزاری‌ی میللی ئەم گەلانە بکەن .

ماویەتی

بەرپاری هاوکاری

کوردی

ئافـــرەت

ووتە

هەڵەیە ئافرەت بەگشتی ، وەکەی بانوی ماڵ بەتایبەتی وای لیك باتەوە کە هەوڵدانی بۆ فیربون و تیگەیشتن بەدەست گیربونی کاریك یان شوکردن کوتایی دیت ...

چونکە ئافرەت ، ئەگەر لە ڕابوردوا شتێ فیربوبێت ، پیویستە بۆ پاشە ڕۆژ زیاتر فیربێت ، ئەمەش بەپێی ئەرکە گرنگەکانی ژیانی خوی و کۆمەلایەتی ...

دوای شوکردن ، لە سەر ئافرەت پیویستە مالیکی بەختیار پێك بهێنێ ، وەمناڵەکانی لەسەر ڕێکاو شوێنی ڕاست پەروەردە بکات ، ئەم شتانەش بەر لە چونە ناو ژیانی پێك هێنیانی خیزانەوە، نەزانراوە ، لەبەر ئەوە لەسەر ئافرەتە بەردەوام بێت لە خۆڕاهێنان بۆ فیربونی زیاتر، وەبیری خوی زیاتر ڕۆشن بکات هەتا ئافرەتیکی روشن بیرو وریاو تێگەیشتو بێت لەروی کاروباری ناوماڵ و ژیانی خیزنی و کۆمەلایەتیەوە ..

لەمانەو لەوانە هەموو گرنگ تر ڕاست نیە ئافرەت، وەبەتایبەتی لەم ڕۆژگارەدا دوربێت لە ڕوداوەکانی وولاتو گەلەکەی ، لەبەرئەوە ، ئافرەت ڕاست نیە سڵ بکاتەوە لە بەشداربونی ڕاستەوخوی ئەم ڕوە گرنگەی ژیانی گەلیش کە ئەو بەشیکی گرنگی ئەرکی پیشخستنی کەوتۆتە ئەستۆ .

بەلاتەوە سەیر نەبێت

« جالینـــا » و « ئیننیا »دووئافرەتی سوڤیەتین بەیەك سك لە دایك بون ، بەمندالیهەردووکیان توشی یەك جۆرە نەخوشی ئەبون، وەهەردووکیان لەیەك ڕۆژا شویان کردو لەیەك ماڵدا دانیشتن ، دوای ئەوە هەردووکیان دوومندالیان بوە لەیەك ڕۆژاو لەیەك ئەچن. ئایا بەلاتەوە سەیرە ؟!

دەنگ و باسی ئافرەت

● ئافرەتانی وولاتی شیلی لە شاری « سانتیاگو »ی پایتەخت خۆپیشان دانیکی توندیان ریك خست بۆ نارەزایی دەربرین بەرامبەر گران بونی خواردنی مندال ، وەلەم خۆپیشاندانە دا نوێنەرانی کۆمەلە ئافرەتەکانو ئافرەتانی پارتی کۆمونیستی شیلیو پارتی سوشیالستو جولانەوەی یەکگرتوی میللی بەشداریان کردبو .

● یەکیتی گشتی ئافرەتانی « کوبا » دەست کەوتەکانی خوی لەماوەی نۆسالی دامەزراندیا بەرچاو خستوە ، ئەویش لەو ئاهەنگە مەزنەی بەم بۆنەیەوە گیراوە، ئەوەی شایانی باسە ملیونیك و سەدو سی ئەندام ئافرەت لەم یەکیتیەدا کارئەکەن ، وە یەکیتی ناوبراو لەماوەی ئەم نوسالەدا خەباتیکی مەزنی کردوە بۆ بەشداری ئافرەت لەبەرهەم هێناندا .

● یەکیتی ئافرەتانی جیهان بەیانیکی بلاو کردەوە هاوکاری تەواوی دەربریوە بۆ خەباتی گەلی ڤیتنام ، ئەم بەیانەش نارەزایەکە بۆ ئەو ووتارەی سەرەکی ئەمریکا « نیکسون » دابوی وەتیا سەلماندبوی کە دەست دریژی بۆ سەر گەلی ڤیتنام بەردەوام ئەبێت ، وە یەکیتی ئافرەتانی جیهان پشت گیری داواکاری ئافرەتانی ئەمریکاو هەموو هیزە ئاشتی خوازەکانیوولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای کردوە کە داوایان کردوە بەدوای هێنانی شەری ڤیتنام و هەوڵدان بۆ جی گیر کردنی ئاشتی بەبێ بەندو مەرج .

ئاموژگاری بو پەروەردە کردنی منداڵ

خوشکی بەریز :

لەسەر هەموو دایکێ پیویستەبە ئارام و لەسەرخۆ بێت لەگەل منداڵەکانی ، وە ئەم جورە ئارام گرتن و لەسەر خۆیەی ئێمە مەبەستمانە ، دوورە لەمەسەلەی زۆر بەدەمەوەدانی منداڵ و نازدانی زیاد لەپیویست وە مل کەچ کردن بۆ هەموو داواو خواستیك کە منداڵەکانمان ئەیکەن ، نەء ، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ، دایك لەسەریەتی تورەو توندو تیژ نەبێت لەگەل منداڵەکەیا ، بەم جورە ئەتوانێ وای پەروەردە کات دواروژ ئەندامیکی وریاو باشی لێ دەرچێت .

لەبەر ڕوناکی ئەم ڕاستیەدا ئاموژگاری بێت بۆ هەموو دایکیك ، لەسەرخۆ لەگەل منداڵەکانی بجولێتەوە، وەبزانی چون ئاوات و ئارەزویان ئەهێنتەدی، ڕای نەهێنی بەوەی ترسنوك بێت و نەوێری بجولێتەوە .

لیدان و تورەی بەرامبەر بەکار بهێنرێت ، چونکە ئەم کارە ، ئەبێتە هوی شکاندنەوەی منداڵ و بەناتەواوی پەروەردە ئەبێت و لە پاشەرۆژا زیانیکی گەورە ئەدات لەو منداڵە ... دورنیە قین بەرامبەر ماڵ و دایك و باوك و خەلکی پەیا نەکات کەواتە لەسەرمانە ، لەسەر ئەو ڕێگاو شوێنە جگەرگوشەکانمان پەروەردەکەین کە لە هەموو ڕویەکەوە سود ئەبەخشێ .

پاشماوەی (بیریکی راگوزاری)

● جا چار ..

– چار « هەلکیشانی هەموو خراپیەك لە بنەرەتەوە » «قسە هەزارەو دووانی بەکارە » بە« دەمە چیت لی کەمە » زیاتر راستیمان لی روون ئەبیت و ریگای ئاسان ئەگرین « کە راکردنە لەراستی » وە « راستی گرانەو » « ترسنوك خوی لی گیل ئەکات ! » .

– کەواتە شورشیك لە« رەوشتا » بەلی چونکە کار بەم شیوە یە بروات « رەوشت توزی بەربایە ! » .

بەهرە

جوانترین منداڵ

● سیپەل نوری بامرنی ●

● بەناز فوءاد ●

● بەرهەم نوری ئەحمەد ●



هونەر

ووتوو یژیك لەگەل خوشنوس و نیگارکیش «کریم دیار» دا



ووتو یژیك لەگـــەل خۆشنوس و نیگارکیش کـــاك (کریم دیار) دا ٠

پ١ – ئایا ئەتوانی کورتەیەك لەمیژووی ژیانی هونەریت باس بکەی ؟

و – له منالیمەوه هونـــەر بەهرە بووه لەلام ، هـــەولێر تەقـــەلایەکی زۆرم داوه بۆ پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەم بەهرەیە ، لەبەغداد پەیوەنــیەکی بەتینم لەگەل هونەرمەندانا هەبوه ، کاتی گەرامەوه هەولێر نوسینگەیەکی خۆشـــنوسی و نیگارکێشیم کردەوە، بۆ ئەوەی لەم کونجەوه بتوانم بەئەرکـــی سەرشان هەلسم ٠

پ٢ – ئایا چیت بەدەستەـ وەیە ؟

و – دەمێکە لەدوو تابلۆی گەورەدا ئیش ئەکەم کەتائێستا تەواوم نەکردوه هەرکاتیکیش کەکوتاییم پێ‌هێنا بەشانازیـ یەوه بلاوی ئەکەمەوه٠

پ٣ – تائێستا لەچ پیشاـ نگایەك بەشداریت کردووه ؟

و – نەء ٠٠ بەلام ئیستا وا لەگـــەل هەندی هونەرمەندانی هەولێر خەریکین کەپیشانگایەکی هونەری لەناوشارد بکەینـەوە زۆریش لەسەر ئەم ئامانجـــە پیروزە سوورین ٠

پ٤ – ئەو بەرهامانەی کەتا ئێستا خستوتە ناوەوه ؟

و – تائێستا زۆر بەرهەمم لەتابلۆی کومەلایەتی و دیمەنەکانی کوردستان پێشکەش کردوه ، هەروا چەند تابلۆم بۆ دەرەوەی وولات ناردوە وەك : (کچـــان دەچنـــــە رێواســـــان) وه (دارشکێن) وه (سەرچنار) وه (چیای قەندیل) هـــەروا (دروێنەی کوردی) ٠



پ٥ – بزوتنەوەی هونـــەر لەشارەکەتا چۆنت دێتە بەرچاو – بەتایبـــەتی – وهونەری کوردی بەگشتی ؟

و – بەراستی هونەرمەندانی شار کەمتەرخەمی‌یان نەکردوه لەو ئەرکەی کەلەسەرشانیانە، هەریەك بەپێی توانا ، میللەتی کوردیش حەقی ئەوەی هـــەیە کە بەشانازی‌یەوه بلێ : خاوەن هونەرم ٠ بـــەلام ئەوەی جێی داخە تائێستا هونەرو هونەرـ مەندان لای ئێمە تەقدیر ناکرێ وجێی بۆ تەرخان ناکـــرێ و هان نادرێ ٠ دوا ووشەم بۆ هونەرمەندانیش ئەوەیە کـــە (هەرچەند لەهونەردا بالاّ بیت هێشتا نەگەیشتویتە هیچ !)

⊙

لـــەم لاو لـــەو لا

بوسینەما

بێ‌گومـــان هەموو ئەزانین کەســـینەماو تەلـــەفزیون ، داهێنانیکی تازەو بەکەلکی ئەم سەردەمەن و دەورێکی گـــەورە ئەبینن ، ئەگەر بەباشی بەکار بهینرین ، بۆ چاوکـــردنەوەی میللەت و بەرزکردنەوەی رادەی زانیاری کۆمەل ٠ لەبەر ئەوە ئەبێنین له وولاتە ســـەرمایەدارەکان له روژئاوا و لەوولاتە دواکەوتوەکانا ئەسپی چەپەلی خۆیان لـــــەم مەیدانـــەدا – هەتاتوانیوه – تاو داوه بۆ ئەوەی هەمو روالەتێکی چاکەو خێر کەلەم دووشتە بەنرخەدا هەن بکەن بە ژێرەوەو پریان کردوون لەشتی هیچ و بووچ و زیان بەخش له سینەماکانمان‌دا کەبوون بەبازارێکی داخراو بۆ فلیمی روژئاوایی بە شـــەوو بەرۆژ ژهره بلاو ئەکرێتـــەوەو ئەفرۆشریت به میللەت ، لـــە لایەکەوەفلیمی جاسووسی کردن لەلایەکی ترەوە دزی‌و کوشتن ، لەلایەکی تریشەوه داوێن‌پیسی بێجگە لەبلاّوکردنەوەی گیـــانی دووبەرەکی لەبەینی‌نەتەوەکان و رەگەزەکانی دنیـــا و هێرش بردنە ســـەر اشتراکیەت و جوولانەوەی رزگاری وشۆرشـ گیری جیهان ٠ بەداخەوه ئەلێم کەبەشێکی‌زۆری سینەماکانمان خەریکی بلاوکردنەوەی ئـــەم جوره فلیمانەن ، مەگەر جارجار – بەرێکەوت – فلیمێکی ولاّتە اشتراکیـــەکان یان فلیمێکی روژئاوایی باش بهێنن‌و ئیشی پی‌بکەن ٠٠ ئێمە لیرە بەدەگمەن فلیمیکی ئەو ولاّتانە ئەبێنین له سینەماکان ، ئـــەو فلیمانەش یان‌کۆنن یان زۆریان لێ‌پچریوه خوش ئەوەیە کەلـــەم ماوەی دوایی‌دا فلیمـــی بەناوبانگـــی (شەروئاشتی) لیون‌تۆلستوی کەفلیمێکی سوڤیاتی‌یە وەکـــو ئەیان ووت حکومەت قەدەغەی کردوه کـــە لەسلیمانی ئیش بکات !٠٠ هەروەها فلیمـــی (جیڤارا) ش هەمان قسەیان لێ ئەکرد !٠٠ ئەمە لەجیـــاتی ئەوەی کە حکومـــەتی ئـــەم سەردەمە تازەیەمان ، بایەخـ بدات بەو جوره فلیمانە زیاتر لەهی‌تر !٠٠ حکومـــەت ئەبێ خۆی هانی ئەوە بدات کـــە ئەو جوره فلیمانە ئیش پێ‌بکرێت ، بێجگە لەوەش پەیمانی رەسمی وریکەوتنی فراوان پێك بهێنێ لەگەل دەزگاکانی ســـینەماو تەلەفزیون لە وولاتە اشتراکیە کاندا بۆئەوەی فلیمە تازەکاـ نیانمان سال‌بەسال بۆبنێـــرن وهاوکاری لەگەل دەزگـــــا نیشتمانیەکانی عیراقدا بکـــەن بۆ بەرزکردنـــــەوەی رادەی سینەما وتەلەفزیون وبەرهـــەم هێنانی‌فلیمی باش‌و پێشکەوتوو لەعیراق خویدا وبەهەردو زمانی عەرەبی وکوردی ٠٠ لەهەمـــان کاتدا پێویستە زەریبـــەی زۆروگران بخرێتە سەر ئـــەو فلیمانەی کەلە روژئاواوه دێنە عیرق وزیان بەخشـــن وەکـــو ئـــەو فلیمانەی کەلە ســـەرەوە باسمان کردن ٠



تەلەفزیۆن :

لیرەدا پێویســـــتە ئەوەش بنوســرێ کــــــەدەربـــارەی تەلەفزیونی کەرکووکە ٠ کـــە پێویستە ئەم تەلەفزیونە رادەی بەرز بکرێتـــەوه لەلایەکەوه ، لەلایەکی تریشەوه پێویســــتە بـــەشی‌زۆری بەرنامـــــەکانی بەزمانی‌کوردی بێت‌وەبوئەمەش پێویستە دەزگاکانی حکومـــەت یارمەتی‌بدەن وپرۆژەیەك دابنێن لەسلیمانی‌و کەرکووك‌و هەولێر بۆئەوەی‌رادەی هونەرو زانیاری وئەدەبی کوردی پێش‌بخـــەن ، تاکوو ببێتە بناغە بۆ بەرنامـــە کوردیەکـــان لە تەلـــەفزیونی کەرکووکدا ٠

هۆگر گۆران

(لقی کۆمـــەلێ هونەروو ێژەی کوردی – لە بەغدا)

داوا لەگشـــــت برادەران ئەکەین کـــە خاوەن بەهرەو توانای هونەریین وەك ئەمانەی خوارەوه :

١ – مۆسیقا ٠
٢ – هونەرەکانی تەشکیلی٠
٣ – هونەرەکانی شانۆگەری
٤ – هەلپەرکێی کوردی ٠
٥ – گۆرانی کوردی٠
٦ – نوسین لەگشت‌بابەتەوه (شیعر – چیرۆك – پەخشان)

کەوابێن و ناوی خۆیان تۆمار بکەن ، بۆ بەشدار بوونیان لەم لقە بەزوترین کات لەدانیشگەی هونەرە جووانەکان لای برادەر کاك – عەتا قەزاز – ، دوای ئەوەی کە پەیرەو و پرۆگرامی ناوخۆیی ئـــەبینێ ، جـــــا ئەمێنێتە سەر خواست‌و ئارەـ زووی خۆی ٠

لقی هونەرو وێژەی کوردی
– بەغدا –
لێژنەی بەرێوەبەر

هونەر

چاو پی کەوتنیك لەگەل هونەرمەند جرجیس عزالدین

پ١ - ئایا چ چیژوزەوقێكو مەبەستێك بوو ، بوە هۆی دەست دانت بەهونەری مۆسیقا ؟

و - ئەوەی لەبیرما بێ من هەر لەمنالی‌یەوەهەستو سۆزم بۆ ئاواز دسازو مۆسیقا لارنەبوەوە ، خۆشترین کاتیشم ئەو کاتە بوو کە گویم لە پارچەیەك موسیقا ئەبوو، دیارە دەورو پشت و برادەر هونەرمەندەکانی کۆلانەکەمان دەورێکی باشیان دیت لەپەرەسەندنو پێشکەوتنما لەم بارەیەوە •

پ٢ - کامە هونەرمەندی کوردیو عەرەبیت بەدلە ، وەبۆچی ؟

و - لەهونەرمەندانی کورد مامۆستا شەمال صائب‌کەیەکەم سازندە بوو شێوەیەکی نوێی بۆ مۆسیقای کوردیمان هینایەکایەوە وئاوازی کوردی پیشخست ، هەروا مامۆستا علی مەردان و طاهر توفیقو خوالی خۆش بوو کاویس ئاغا هەموو گورانی بێژانی فولکلۆری کوردی •

پ٣ - ئایا چ کەرستەی خاوی فولکلۆریمان هەیە کەببێ بەسەرچاوەی بەرهەمی‌موسیقای پێشکەوتوو ؟ وەچۆن ؟

و - هیچ گومان لەوەدا نەماوە کەمیللەتی ئیمەی کوردیش لەووی سامانی فولکلوری‌یەوە زور زور دەولەمەندە و حەقی شانازیشی بەم سامانەوە هەیە ، هەزارەها دەقی لاوكو حەیرانو بەیت ولاژەو سیاچە فانەو هورەی جافیمان هەیە کەتائیستا ئیشی لەناو نەکراوە ، جا هونەرمەندانو رۆشنبیری و شیری حەلالی خۆان ••!

پ٤ - تائیستا لە هیچ ئاهەنگ وزەماوەندێکشی ناوشارو دەرەوەی بەشداریت کردوە ؟ وەئەو گورانی وئاوازانەی کەپێشکەشت کردون چی‌یە ؟

و - لەهەندێ ئاهەنگی ناوشارا بەشداریم کردوە ، دووئاوازم هەیە (نسرینی - عبدالله دلسسۆز) (لەچیم توراوی - هیوا سید احمد) نیازبارمم ئەو قاوغەیەی کە تائێستا کروشکەم لەناوی بەستبوو بشکێنم ولەدورە پەرێزی دوورکەمەوە و لەگەل ببرا هونەرمەندە جگەرسۆزەکان بێمەمەیدانی کارەوە •

پ٥ - ئایا هیچ پرۆژەی هونەریت بەدەستەوەیە ؟

و - تائێستا دوو ئاوازی نوێ لەبەردەستمایە ، یەکێکیان لە شیعری عثمان شاری‌یە ، دوەمیان دوو قولیەکەی کاك فوءاد سید محمدە • جگە لەمە ئێستا واخەرێکی دامەزراندنی تیپێکی موسێقام - لەگەل براکانما - بۆخزمەتی هونەری سەرفیرازی کوردی •

دەنگ و باسی هونەر

× له ١٦ی ئەم مانگەدا هونەرمەند اکرم سعید ،- پیشانگای تایبەت بەخۆی ، لەهۆلی قوتابخانەی ناوەندی‌ی کچانی سلێمانی ئەکاتەە •

× لەم رۆژانەدا ولەژێر چاودێری دەزیری روشنبیری‌و راگەیاندن منالاتی قوتابخانەی موسیقا کەسەر بەم وەزارەتەوەیە بەگێرانی یەکەم ئاهەنگی موسیقایان لەسەر شانۆی هۆلی خولد هەلساون •

× لەحەفتەی رابردودا پیشانگای نوتوگرافی هینی وێنەگری سلوڤاکی (مارتن مارتینگ) کرایەوە ، کە کامسیرەی ئەم هونەرمەندە بلیمەتە گرتویەتی دەربارەی گشت کونجەکانی ژیان ، لە وولاتی چیکوسلۆڤاکیادا •

× له ١١-٣-١٩٧٠ ئەم مانگەدا چیرۆکی (گیچ) لەسەر شونۆی سانەوی کوران لە سلێمانی پێشکەش ئەکرێ •

× لەپێشبرکەی ئەم سالەدا ، وینەی دەسکردی منالاتی ٦٠ وولات کەگوڤاری شانکارشی‌یە هیندستانی پێی هەلئەستێ ، پێشاندرا ئەوەی شایانی باسە کچە قوتابی‌یەکی سوڤیاتی - ١٥ سال - بەرزترین حەلاتی لەم پێشبرکەیە بەرکەوتووە •

× مەرجەکەی کاکە حەوێز - تەمسیرێیەی ئیزگەیی‌یە ، بەم نزیکانە لەلایەن قوتابیانی هونەرەوە پێشکەش کرا کە لەنووسینی کاك طلعت سامان‌بو •

× بریاروایە کە فیلمی - سەدویەك شەو لەبەغدا - دا کە هونەرمەند قاسم سعدی دەری هێناوەو سەرپەرشتی‌ی کردوە - لەچیکوسلوڤاکی‌یادا- لەم دوایی‌یە لەپیشاندانێکی تایبەتیا نە - بەغدا - پیشان بدرێ •

× لەم دوایی‌یەدا لەسەر شانۆی ستانیلاڤیسکی ونمیرۆ دا فشینکۆدا - لە موسکو - بالێ یەکی تازە کەبەنازناوی - ستراوسیانا- یە ئیش‌کردنی تێدا هاتە ئەنجام •

× بەم زووانە یاسای ئەنجومەنی مۆسیقای نیشتمانی دەرئەچی دوای ئەوەی کە وەزیری رۆشنبیری‌و راگەیاندن بریاری لەسەرئەدا • ئەوەی راستی‌بێ لەمەدا ئەوەیە کەئەم یاسایە زۆرەها کاروباری موسیقی وفولکلۆری وەدەست ئەخات ، کەئێستا تەنیا خەون وپرۆژەیەکە لەلای هونەرمەندو پسێوران •

× ئێستا وینەگری جیهانی (سەباستیان‌ماتا) کەزۆر لەرەخنەگران شان بەشانی هونەرمەندی مەکسیکی (سکۆراس)ی دائەنێن وبەجێگری (بێکاسو)ی ئەدەنە پێنووس سەر لەقاهیرەئەدا • ئەم هونەرمەندە لەشیلی لە دایك‌بوە ، کەلچەری هونەری لەلای شاعیری ی سوریالیزمی فەرەنسزی (ئەندرێ پریتۆن) وەرگرتوە • لە (کوبا) دا « هاونیشتمانی سەربەرزی » پێدراوە ، لەبەر ئەو هەلوێستە مەردانانەی کە پێی هەلساوە بۆ مرۆڤایەتی‌وئاشتی‌و شۆرش لەگشت کونجی جیهانا •

تریفە

لەرێکەوتی ٦-٣-١٩٧٠ژمارە (٣) پەخشنامەی‌سەردیواری (تریفە) ناو دەرچوو •

ئەوەی شایانی شانازی‌ودلگوشادی‌یە، ئەم پەخشنامەیەدەستەیەك لەقوتابیانی بەشی کوردی - دانیشگەی ئاداب دەری ئەکەن • چەشنەهاووتارو شیعرو چیرۆكوفولکلۆر ورۆشنبیری کوردی تیا بەدی‌ئەکرێ •

هیوادارین (تریفە) هەول‌دەقەلایەك وپرۆژەیەك بی‌بۆئەوەی‌ببێ بەگۆڤار یارۆژنامەیەك ولەم بەشەوە سەرهەلبداتو هەموو ئەو پێنووس‌وبەهرەو توانا گەنجانە لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە •

ویژە

زمانەوانی

محمد عبده أمین

وێ یان وَ

لەم دواییەدا لەبەرهەمەکانی هەندێك لە نووسەرانی بەڕێزدا پیتێکی نوێ بەرچاومان ئەکەوێت ، گوایە ئەمە دەنگێکی جیاوازەو پێویستە وێنەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت • جا پێش ئەوەی لەچەوتی یان ڕاستی ئەو پیتە بدوێم بە پێویستی ئەزانم ئەوە بخەمە پێش چاوی نووسەرو خاسبێژانی – أدیب – بەڕێز کە ئەوان سەربەخۆ وەبەبێ لێکۆڵینەوەو خستنە پێش‌چاو ، مافی ئەوەیان نی‌یە دەستکاری شێوەی نووسینی زمانەکەیان بکەن وە بە ئارەزووی خۆیان پیت یان دەنگی نوێی بۆ دروست بکەن‌و بیسەپێنن بەسەر خۆیان‌و خوێندەوارانیدا ، بەڵام ئەگەر هات‌و کەلێن‌و کەم‌و کوڕیەکیان لە زمانەکەیاندا بەدی‌کرد یان هەست پێ‌کرد پێویستە پێش چارکردنی، مەبەستەکە بخرێتە ڕوو بۆ خاسبێژو خوێندەواران وە ئاگادار بکرێن بۆ ئەوەی بتوانرێت بەرهەمەکانیان بەئاسانی بخوێنرێتەوە ، لە لایەکی تریشەوە ئەو نوێ‌کردە (احداث) هەڵسەنگێنرێت‌و بەراورد بکرێت ، پاش پەسندکردنی لەلایەن زوربەی خاسبێژان‌و خوێندەوارانەوە بچەسپێنرێت •

لێرەدا مەبەستمان لەو دوو پیتەیە کە لە ناوەڕاستی ووشەی (خوێن)دا ئەبینرێت کە تائێستا بە (وێ) نووسراوە کەچی ئێستا هەندێك لە نووسەران بە (وَ) ئەینووسن – خوَن – •

پیتی **(و)** لە زمانی کوردیدا تا ئێستا دوو دەنگی تری لێ وەرگیراوە کە ئەمە گۆڕانە بەرەو دواوە ، لەیاسای گۆڕانی (تطور) زماندا ، چونکە ئەم گرڕانە ئەبێ بەرەو ئاسانی‌و ڕێك‌و پێکی بڕوات نەك بەرەو قورس بوون‌و سەر لێ‌شێواندن ئەمەش سەر لێ شێواندنە •• !

جا ئەگەر لەڕووی‌زانیاریەوە – ڕێ زمان – چەوتی یان ڕێکی (وَ – خوَن – دوَنێ) ڕوون بکەینەوە ئیتر پێویست بە درێژەدان ناکات لە هیچ ڕوویەکی ترەوە : ئەم ناوانە :

نوێن ، سوێنە ، خوێن ، شوێن ، دروێنە ، ئاوێنە ••• هتد •

وە ئەم کردارە ڕانەبوردوانە (مضارع) : ئەنوێنێ ، ئەسوێت ، ئەڕوێنێ ، ئەشێوێ هتد •

ئەو ووشانەن کە دەنگی (وێ – وَ) یان تیا دێتە بەرگوێ • جا باواز لە ناوەکان بهێنین‌و باسی شێوەی نووسینی ڕاستی ئەم دەنگی (وێ – وَ)یە لە کردارەکاندا بکەین، چونکە:

١ – کردار پتر یاسای ڕێ زمانەوە ڕوون بووەوە

٢ – ئەگەر لە ڕووی زانیاری ڕێو زمانەوە ڕوون بووەوە ئیتر پێویست بە چەندو چۆن ناکات •

٣ – ئەو دەنگی (وێ – وَ) یەی کە لە ناوەکاندا هەبوون هەر ئەو دەنگە یە کە لە کردارەکاندا هەیە •

چاووگی – مصدر – (ڕواندن –کرداری (ئەڕوێنێت ئەڕوێنم ••• هتد) ی لێ‌وەرگیراوە •

چاووگی (ڕووان) – کرداری **(ئەڕوێت ، ئەڕوێن) ی وەرگیراوە –**

تەماشا ئەکەین‌پاش لابردنی پیتی پاشگر (دن ، ن) وە دانانی پیتی پێشگر (ئە) لە چاووگەکەو بۆ چاووگەکە . ئەو (الف)ەی ناوەڕاستی چاووگەکە لەکردارەکەدا ئەبێت بە (یٚ) •

ڕواندن ، ئەڕوێنێت ، ئەڕوێنم •

ڕووان ، ئەڕوێ ، ئەڕوێن•

ئەم یاسایەش بۆ هەموو چاووگێك کە لەسەر ئەو شێوەیە بێت ئەگونجێ وە لەمە بەولاوە یاسەیەکی ترنییە بۆ ئەو جۆرە چاووگانە لە گۆڕینیاندا بۆکرداری‌ڕانەبوردو

بڕوانە ل ١٠

بابە تاهیری هەمەدانی

شاعیرێکی کوردە

محمد حسن جوجە

باشماوەی ژمارەی پێشوو

سیەم :– دیوانەکانی بابە تاهر کەلەلایەن فارسەکانەوە چاپ‌کراوە ئەبینی کردویانە بەدوو بەش ، بەشی یەکەم لەبەر ئەوەی چەند ووشەیەکی فارسیان تیدایە بەتەووی بەهی بابە تاهری دائەنین ، بەلام بەشی دووەم لەبەر ئەوەی بەتەواوی ووشەکانی شیوەی لورری کوردین شکێان لیەو ئەلین هی بابە تاهرنیە ئەوەش هەر لەبەر ئەوەیە چونکە ئەوەی ئەوان شکیان لێیە بەتەواوی کوردین و فارسەکان تیێ ناگەن بەلگەش بو ئەمە [چاپی‌تهران – دیوانی بابە تاهر – مؤسسە مطبوعات امیرکبیر سالی ١١٣٣ شەمسی] جالێرەدا ئەومان بۆ دەر ئەکەوی ئەگەرچی فارسەکان بابە تاهر بەفارس لەقەلەم ئەدەن بەلام خوشیان شکیان هەر لێیە •

خویندەواری بەرێز لام وایە بەتەواوی ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە بابەتاهر کوردەو بەکوردیش چوارینەکانی‌داناوە • ئەمینیتەوە سەر ئەوە کەبلێن ئایە چ هۆیێك هەیە کە تائیستا لەلایەن زور کەس ئاشکرانیە کە بابە تاهر بەکوردی چوارینەکانی دانەناوە بگرە هەندێکیش لە کوردەکان دوو دلن لەسەر ئەمە •

لە وەلامدا ئەلێین چەند شتیک هەبو تاماوەی ئەم سالانەی دوای دا ببوە هۆی ئەو گیروگرفتە ئەویش ئەم هۆیانەی خوارەوەبو •

١ – تائیستە لیکولینەوەیکی زانیاری لەزمانی کوردی دا بەرامبەر بە هۆنراوەکانی بابە تاهر نەکراوەو هەروا رویشتووە کە چوارینەکانی بابە تاهر بەفارسی ووتراوە تائەم دواییە مامۆستای بەرێز علاء الدین سجادي بەدورو درێژی لەسەر ئەم باسە دواوە لەکتێبی الیکوالینەوە لەئەدەبی کوردی سالی ١٩٦٧ زایین •

٢ – ئیملای کوردی تا سالی ١٩٢٠بەلکو پاش‌ئەو مێژووەش زۆر هەر لەسەر ئیملای عەرەبی بوو ، نووسەرو ئەدیبەکانمان ئەگەرچی بەرهەمەکانیان کوردی بوون بەلام لەسەر شێوەی ئیملای عەرەبی ئەنووسرایەوە • لەسەردەمی بابە تاهر فارسەکان حوکم داری کوردستانیان کردووەو دەسەلاتیان بەسەر زوری ناوچەکانی کوردستان‌گیراوە • هەر نووسینە وێك هەبوایە لە سەر شێوەی فارسی چاپیان ئەکرد • جا لێرەدا چوارینەکانی بابە تاهر بەر ئەم کارەساتانە کەوتبوو هەر ئەوەش بوو ببوە هۆی ئەوەی زوربەی خوێندەوارەکان کەچاویان بە چوارینەکانی بابە تاهر ئەکەوت نەیان ووت ئەمە فارسیە چونکە لەسەر شیوەی ئیملای فارسی ئەنووسرایەوە • بەلام ئیستا بێنێن‌و چوارینەکانی بابە تاهر لەسەر شیوەی ئیملای کوردی ئیستامان چاپ کەین ئەبینی نە کیش ئەکۆری‌و ئەقافیە هەروەك خوی‌ئەمیشەوە بۆ نمونە ئەو یەك لە چوارینەکانی بابە تاهر ئەهینەوەو لەسەر شیوەی نووسینی ئیملای کۆن‌و نوی واتە لەسەر شێوەی فارسی‌و کوردی ئەی‌نووسینەوە بو ئەوەی بەتەواوی ئەو راستیەمان بو وباریکەوی بابە تاهر ئەلی :

عزیزون موسم جوش بهارە
چمن پر سبزه صحرا لالەزارە
دراین موسم دمی فرصت‌غنیمت
کەدنیای دنی بی اغتبارە

عەزیزان‌مەوسمی جۆش‌وبەهارە
چەمن‌پر سەبزەسەحرا لالە زارە
دەرین موبسیم دەمی فرسەت غەنیمت
کەدنیای دەنی بێ ئیعتبارە

لەکاتێکا کە سەیری بەشی یەکەم بکەین بەبێ ئەوەی لەپیشەوە هیچان لێ زانیبێ راستەو خۆ ئەلێن ئەم هونراوە فارسیە بەبی ئەوەی بپرسین هیچ شاعریکە بەلام کە سەیری بەشی دووەم ئەکەین خۆ ئەگەر نەش زانینی هی بابە تاهری هەر ئەلێن ئەم هونراوەکوردیە تاچ رادەیەك جۆری نووسینەوە کاری‌هەیە لەبەرهەمی نووسەرو ئەدیب‌و شاعرەکانمان‌بەتایبەتی ئەوانەی پش چەرخی نوزدەم •

لەدوایدا وەکوبەپیوستی سەرشانی هەمو نووسەرێك ئەزام ئەوانەی کەشت نەنووسنەوە لەبابەت شاعرەکانمان هەر ئەوەنەبی باسی مێژووی ژیانی‌و چەند لە هۆزاوەکانی چاپ بکەن بەلکو هەول بدەن لێکورینەوەیەکی تەواو لە هونراوەکانیان (١) بکەن چونکە هۆنراوەکانیان پایەی کومەلەکەمان دەر ئەخات لە سەر دەمی شاعر لەهەموو رۆێکەوە چ‌لەروی پێشکەوتی زمانەکەمان و چ لەروی ژبانو خوو رەوشت ئەو سەردەمەو•

بو ئەم باسە تەماشای ئەم سەرچا وانەکراون :

١ – مێروی ئەدەبی کوردی علاء الدین سجادی •

٢ – ئەوەبی‌کوردی لێکولینە وەلە ئەدەبی کوردی سالی ١٩٦٦ زانین •

٣ – دیوانی بابە تاهر چاپی تهران موسسەی مطبوعات امیرکبیر •

٤ – چەند ووتاریك لە رۆژنامەکانی کوردیدا •

چەپکێ ئادەمیزاد

نوسینی علی توانا

بالەسەرخو •• وڕد ورد •• **هونەرمەندانەو بویژانی کوردا –** دەنکە خولەمیشەکانی پاشماوەی دارە سوتاوەکەی شی‌کردەوەو تیکەلاو بەشەپولەکانی کرد – بەئەسپایی بەسەر لق‌و پوپو گەلای دارستانە ئەگیرسانەوە •

دەنکیك لەوتوزی خولەمیشە چوە گولیکەوەو ئیشانی و بەپەرەناسکەکانی لەپیلوی چاوی هینایە دەرەوە و چاوە پر ئاوەکانی لی‌زەق کردو، ووتی: لەکوبی‌وە ئەم بایەهیناتی ••

دەنکە خولە میشەکە هاتە دواندن ووتی :

ئەم بەیانی‌زوە لەدایك بوم •• دوای ئەوەی دایکم لەجی‌ی خوی ئاگریان تی بەردا و کەوتە دامرکانەوە •• هەرچەندە قیژاندم و گریام بەدیاریەوە •• بی‌سود بو زیاتر بەرەو نەمان ئەچە •• ئیتر کاتیکم زانی شنەی با لەباوەشی گرتم بی‌ئەوەی گویی بداتە کروزانەوەم ••

لەسەرخو گولەکە بەچاوە پرفرمیسکەکانیەوە ووتی ••

ئایا شەر لەباوەشی گرن‌و بەرلیشاوی دامرکاندنەوەی دایان لەتاوی کوچی هاوبەشەکەی ژیانی‌بو ••

دەنکە خولەمیشەکە وەلامی دایەوە :

باوکی پرر بەزەیم لەهەفتەی پیشودا پەل‌پەلیان کرد هەرچەندە داینم لەوگیژاوی سەرکەردانی یەدا هەفتەیەك بو ئەتلایەوە •• بەلام ئەم بەیانیە •• مروڤی بی‌بەزەیی – لەگەل باوەش کردنی روناکایی روژا بەپەل‌و پوکانیا پەیدابون •• ولەکونەرەوە ئاگریان پیوە ناو تەنانەت بەقرچە قرچی جەستەی دایکم کەئەلئە کروزا ئەهاتنە زەردەخەنە •

یەکیك لەو بی‌بەزەیانە •• روی کردە هاوریکەی ووتی •• ئەم زستانەمان خوا یاربی خەلوزیکی باشمان ئەبی‌و هەرچی درەختیکی نایاب لەم ناوەدابی ژیر ئاگری ئەنیین نالە بنەرەتا ئەم دارستانە میژوبی‌یە ئەکەینە دەشتیکی کاکی بەکاکی •••

هاوریکەی دوهەمی بەتەوسیکەوە ووتی •• ئەی لەکاتیکا پیویستمان بەپشو بو لەژیر چە سیبەریکا راکشیین‌و لجەوبینەوە • هاوریی‌یەکەمیان دایە قاقای پی کەنین ووتی بەپارەی ئەم‌دارستانە ئەوەندە پارەدار ئەبین کەپیویستیمان بەراکشاندنی ژیر ئەم درەختانە نەبی ، تالە ناکو هەمو پیکەنینەکانیان بوەداچلەکین چونکە یەکیك لەپەلە گەورەکانی

بڕوانە لاپەڕە (١٠)

ویژە

ئەرکی لێکۆڵینەوەی ویژەیی

لێکۆڵینەوە چی‌یە ؟ ئایا نرخو نموودێکی نەرتۆی هەیە بەچاو نووسینێ هۆنینەوە ؟ ئایا رابەرو پێشەوای نووسەرە یا رێگرو رێگورەتی ؟!

بۆ وەلامی ئەم پرسیارانە دوو دەستەهەن : دەستەی یەکەمیان ئەلێ : لێکۆڵینەوە نرخێکی وای نی‌یە و نووسەر ئەوکاتە ئەکەوێتە لێکۆڵینەوە کەبیرو پێنووسەکەی لەبیرکردنەوەو نووسین تەپو کول ببن ، واتە کەنووسەر ئەبینی خۆی تواناو بەهرەی نوسین نی‌یە لێکۆڵینەوە ئەکا بەقەلغانێکو لەپەنا ئەو قەلغانەیە تیری خۆی لەنووسەر ئەهەگرێو گرو لەجەرگی دلی هەلئەرێژێ ·

کەچی دەستەی دووەم ئەلێ: نــەء !! وانی‌یە ، بەلکو لێکۆڵینەوە لەسەرووی هەموو پەراو راژەیەکە ، خۆ ئەگەر

عزیز گەردی

لێکۆڵینەوە نەبێت ویژە بەتەواوی سەری تیا ئەچێو ژیانی کۆمەلایەتی ئەو نەتەوەیە غەرغاو کەشاکەشەوە ·

دیارە ئێمەش بروامان روناکاتە دەستەی یەکەم ، بۆیەش روناکاتە ئەم دەستەیە چونکە ، فەرموو بێنە پێش‌چاو ئایا ئەگەر لێکۆڵینەوە لەناو بچێ ویژە چۆن ئەکەوێتە پەپرکۆ لە هەنگاونانی بۆ پێشەوە ؟ و ژیانی نەتەوایەتی ئەوکۆمەلە چی بەسەرا دێت ؟ خۆ ئەگەر لێکۆڵینەوە نەمێنی ئەوەش هەرنابێ ، - ژیان لەچەوتو چوێری خەست ئەبێو هەرکەسێ لەسەر ریچکەی ئارەزووی خۆی ئەڕواو ئەنووسێو ئاگای لە چاکو خراپو رستیو چەوتی نامینی ، چونکە یەکێ نی‌یە جارجار ئاگاداری بکاتەوەو لە هەلەوتێ کەوتن بالی‌بگرێو رزگاری بکاتو بیهێنێتەوە سەر رێگای راست ·

راستە : لێکۆڵینەوەی وێژەیی لەبەرهەمو ئاکاری هۆنەر یا نووسەر وورد ئەبێتەوە، بەرهەمەکەی ئەوانیش نموونەیەکی ژیانی کۆمەلایەتی نەتەوەکەیانە ، چونکە هەر کارو کارەساتو رووداوی کومەلایەتی‌یەکی‌خورپەو سروش ئەخاتە دلی نووسەرو ئەیبزوێنێ بۆ ئەوەی پارچە هۆنراوێک یا پارچە پەخشانێك بنووسێو هەستو سۆزی بزواوی خۆی تیا دابرێژێ ·

جا ئەوکاتەی هۆنەر ئەو پارچە هۆنراوەیە بلاو ئەکاتەوە بۆ ئەوە بلاوی ئەکاتەوە تا باوەڕی‌خۆی بگەیەنی‌بەخوێنەرو خوێنەریش لە بیروباوەڕی ئەوا دور دبێتەوە ·· کەخوێنەر ئەم پارچە هۆنراوە ئەخوێنێتەوە جۆرە هەستێکو چەشنە باوەڕێکی تیا پەیدا ئەبێ بەرامبەر هەستی نووسەر یاهۆنەر ·

وائەبێ ئەم باوەڕەی ئەو لەگەل هینەکەی هۆنەر یەك ئەگرێو هۆنراوەکەی پەسند ئەکا · یا وائەبێ بیروباوەڕی دژوپێچەوانەی‌هەستو نەستو باوەڕی هۆنەر ئەبێو لەگەلیا یەك ناکەوێ ···· جا کە خوێنەر باوەڕی خۆی دەرخست بەرامبەر هۆنراوەکە ئەوا خۆی ئەبێتە (رەخنەگر - ناقد)و ئیشەکەشی ئەبێتە لێکۆڵینەوە· ئەگەر دانەبێ خوێندنەوە چ کەلکی هەیە ؟ خوێندەواری

بروانە ل ١٥

کاروان

کویە : فریشتە

هیشتا مابووی
بەرە بەیان
کروکپ ، بی‌هەست بوو
کاروان
سپیدەی دا
لەروخ ئاسو
ئەستێرەی روژ بەدرو هەلات
گەل کەوتە خو
دەنگی هەستە ، میللەت
دەهات
لەهەموو لایەکی وولات !
ئەیان ووت : روژە بەیانە
دەی هەستن کاتی کاروانە !
کاروانیەکان جازوو بەزوو
کەوتنە ریگا
تیکرا هەموو
بەرەو قوناغی ژین ئەچوون
بەهیوا بوون
بەئاوات‌و ئامانج بگەن ·
بەلام کاروان بەهەلەچوو
تووشی جورە ها سەختی بوو
سپیدەکە بی وەختی بوو
سپیدەی دروزنە بوو !
ئەستیرەکە

ئەستیرەی کاروان کوژە
بوو !
جا کاروان پەرتە وازە بوو
ریی هەلە بوو
لەزور جیگا
بەهوی ون کردنی ریگا !
کی‌بوو ریی پی هەلە کردن ؟
بەرەو رووی مردنی بردن ؟!
کام خەتابار ؟
ئەستیرە سوورە گەشەکە !
لەجەرگەی شەوە رەشەکە !
لەکەل هەلات
وەختی نەبوو ،
ئەستیرەی کاروان کوژە
بوو !
بەلام و چاوەریی روژین
تاکو بەسەر بەرزی بژین !
بەئازادی !
بەدل شادی !
نەك بەژینیکی ژیر دەستی
بەدل پەستی !!
کام روژ ؟
ئەو روژە رووناکەی
هەتا هەتا ئاوا نابی
دوایی نایی
هەول‌و خەباتی بو ئەکەین
رووناکی زیاتر پی‌ئەدەین
بەیەکیەتی گشت هیزەکان
بەتیکوشان
بەیارمەتی دانی کاروان
هەتا دوایی
بەبی وچان !!

هەوالی ویژە

● لەسەعات (٤)ی پاش نیوەروی روژی ٣-٣-١٩٧٠دا کومەلی هونەرو ویژەی کوردی لەسلیمانی لەیانەی فەرمانبەراندا لە بیرەوەری دەسالەی کوچی دوایی شاعیری کورد (سەلام)دا کوبونەوەیەکی پیك هینا ·

لەو کوبونەوەیەدا گەلیك وتارو شیعر بەو بونەیەوە خویندرایەوە ·· لەونە :-نوری وەشتی وتاریکی بەکوردی خویندەوە · وەپاریزەر محمد صدیق بەناوی کومەلەوە ، سیروان جاف نایبی محافیز ، شیخ محمدخال وتاریك بەعەرەبی ، رمزی معروف - شیعریك -، مەلا محمدی مصطفی کوردی - وتاریك بەعەرەبی - ، ا·ب· هەوری - شیعریك - ، رزگار نوری شاوەیس - وتاریك بەعەرەبی- شاکر فتاح- وتاریك- ،کاکەی فەلاح - شیعریك -، کامل ژیر - - شیعریك - ، شیرکو بی‌کەس - شیعریك - ، جمال شارباژیری - شیعریك - ، حسیب قەرەداغی - شیعر -، ساجد ئاوارە - وتار - ، حسیبە احمد - شیعر -، ناهدە شیخ سەلام - وتار - ·

نرخ شناسی

نرخ شناسی لیکولینەوەیەکی ئەدەبی‌یە دەربارەی رەخنەی ئەدەبی هەر لەکونەوە هەتا ئەمرو ، لەنووسینی ماموستا علاءالدین سجادی لەم روژانەدا کەوتە بازاری چاپەمەنی کوردی‌یەوە ·

بژی مروف

کومەلە چیروکەکەی چیروك نوسی لاو « کمال رووف محمد » « بژی مروف » کەوتە بازارەوە ، ئەم بەرهەمەی « کاك‌کمال » بریە لە «٦ کورتە چیروکی کوردی» وە بەرهەمیکی کەلك دارە لەسامانی چیروك نوسی کوردی ·

مەسەلەی ویژدان

چیروکیکی کوردیە لەنوسینی شاعیری بەسوز احمد موختار جاف ، پیشەکی‌و لیکولینەوەی دکتور احسان فوئاد ، کەوتە بازارەوە ·

●

ئاگای ووشە

ئەکوششدا بۆ خۆناسینەوە هەموو ووشەکان ئەچنەوە بەرگی سروشتانەی خۆیان ·· مروڤ بە (ووشە) خۆی ئەناسێتەوە ·

(سقراط) ئەلی : (خۆت بناسە) ·

(زارا) ئەلی : (بیری چاك · ووتەی چاك · کردەوەی چاك) · بەمە مەرجەکانی مروڤی تەواو ، دێتە دەس ·

کە ووشە کلیلی خۆناسینەوەیە ، جا بوچ ئازاری ئەدەینو بەندی ئەکەین ؟ ووشەی چاك مێشك ئەخاتە گەرر ··· مێشك خوێنی خاوێنی گەش ئەداتە دل ··· دل هیز ئەداتە دەس ···

وەس بەیاری مروڤ ئەکیلیو شەتلی بەهار ئەچینی ··

سزادانی ووشە ئەبێتە هەلمی چلپاوێکی بۆگەن ، لە دەروونێکی رزەش داگیرساوەوە بلق‌ئەدا · بۆیە پیتە سزادراوەکان ئەفلیجن ···

بە دریژایی رریچکەی مروڤایەتی ، گۆل گۆل ، خوێنی پیتە ئازاردراوەکان ، مەی‌یوون ··· هەرگۆلیکی یادێکە ، لە هەر یادێدا ··· روخساری هیوا نەمرەکانی مروڤ ، ئاشکرایە :

هیوای ژیانیکی ئاسودەییو دلنیاییو سەرنانەوە ، دوور لە ئەشکەنجەو مەترسی‌ی دوارۆژ·

گیانە ! بەوە بەختیارم ··· بە بەرچاومەوە ، شەفەقی ئەو هیوا نەمرانە بەهەلدێ ··· ووشە جوانەکان ئەگەشێنەوە، لیلایی داتێ بەچاوی جانەوەری دوزەخدا ··· بەلگەم لێ‌مەگرە خەیالاوی نیم ·

ئەوانەی ئەقیژینو شینئەکەن : لەم چەرخە بەرزە نەگەیشتوون · لەوە جوانتر · میللەتان رزگاریان ئەبێ ؟ لەوە بەرزتر ··· مروڤ مافەکانی ئەسێنیتەوە لە هێزی مردنو مەترسی ؟

کەسێ چاوی بەتیشکی ئەم شەفەقەئەرخەوانە نەشوریتەوە کوێربینایە · کوێرایی دابێ بەسەر چاوی خوێن‌مژەکانی رەنجکیشاندا ···

گیانەکەم ! کە ئەمرۆ لە دوێنێ هەموو گرمو هۆررەیە ؟ ئەم هاژەی بارانی بەهارە ؟ ئەم زریکەی فیتنامو فەلەستینو ئەنگولاو موزامبیقە ؟ ئەم هەستە گەرمەی بەفری سالەکانی مەترسیو مردن‌لەعیراقدا ئەتوێنیتەوە ؟ ئەمانە هەموو ئۆخەیەك بە دلت نادەن ؟ بزەیە ناخەنە سەر لێوت ؟

واتە : بێ‌بەشی لەچەشکەی کامەرانی ··· فەرموو خۆت بناسەوە· ئەو هەزارەها ووشە بەندکراوانە لە قولایی ویژدانتا رزگارکە ···

بروانە ل ١٤

بەهلی نووسێك

باشماوەی [میری شورش]

جەماهیری عیراق بە عەرەبو كوردی‌یەوە بە پیخوشحالی‌و پشتگیری‌یەوە ئەم بریارو كارانەی ئەنجومەنی سەركردایەتی شورشیان وەرگرت ·· ئەم كارانەی ریگەی خوش كرد بو رویشتن بو پیشەوە بەرەو هینانەدی ئەو ئامانجە بەرزانەی سەراپای گەل مەبەستیانەو هیزو تواناو ووتەیان لەدەوری كو كردوتەوە ·

بەو پی‌یەی سەرەوە ، ئەنجومەنی سەركردایەتی شورش، كەوتە پەیوەندی بەستن لەگەل سەركردایەتی بەریز مصطفی بارزانی سەروكی پارتی دیمكراتی كوردستانیداو ئالو گوری بیرورا كراو هەموو لایەك بە پیویستی قبول كردنی ناوەروكی ئەم بەیانەو جی‌بەجی كردنی قایل بووو · كە سەلماندنیەكە بو سووربوون لە قول كردنەوەو فراوان كردنی ئیش كردنی كاریگەر بو تەواو كردنی هویەكانی پیشكەوتنی روشن بیری‌و ئابوری‌و پیشخستنی گشتی لە ناوچەی كوردی‌دا · كە لە پیش هەموو شتیكا بەو نیازەیە جەماهیری كوردی بتوانن مافی رەوای خویان بەكار بهینن‌و بەراستی بەشدار بن لە بنیاتنانی نیشتمان‌و خەبات‌كردنا لە پیناوی ئامانجە نەتەوایەتی‌یە مەزنەكانیا ، لەبەر ئەوە ئەنجومەنی سەركردایەتی شورش بریاری دا :ــ

١ ـ زمانی كوردی ، زمانیكی رەسمی ئەبیت ، شان بەشانی زمانی عەرەبی ، لەو ناوچانەدا كە زوربەی دانیشتوانی كوردن ، وە زمانی كوردی ، زمانی فیركردن ئەبیت لەم ناوچانەدا ، دەرسی زمانی عەرەبیش ئەوتریتەوە لە هەموو ئەو قوتابخانانەدا خویندن تیایاندا بە كوردی‌یە ، هەروەها زمانی كوردی ئەخویندری لە سەرانسەری عیراق‌دا وەك زمانیكی دووەم لەو سنورەدا كە یاسا دای ئەنیت ·

٢ ـ هاوبەشی كردنی برا كوردەكانمان لە حوكم كردن‌دا ،وە جیاوازی نەكردن لە بەینی كوردو كەسانی ترا لە وەرگرتنی وەزیفەو كاربەدەستی گەورە بە شوینە گرنگ‌و ناسكەكانی وەزیفەی دەولەتیشەوە ، وەك وەزارەتەكان و سەركردایەتیەكانی سوپاو جیگەی تریش··· ئەم شتانە هەمیشە لەو مەبەستە گرنگانەبوە كە حكومەتی شورش هەولی جی‌بەجی‌كردنی داون ، وە لەكاتیكا حكومەت ئەم مەبدەئە بریار ئەدات ، ئەوە ئەچەسپینی كە ئەبیت ئیش بو جی‌بەجی‌كردنی بكریت بە ریژە (نسبەت)یكی عادیلانە ، لەگەل رەچاوكردنی مەبدەئی بە توانایی وە ریژەی دانیشتوان ، وەئەو بی‌بەشی‌یەی برا كوردەكانمان دوچاری بوون لە رابوردوودا ·

٣ ـ لەبەر ئەو دواكەوتوویی‌یەی تووشی نەتەوەی كورد هاتوە لەمەوپیش لە رووی سەقافی‌و پەروەردە كردنەوە ، نەخشەیەك دائەنریت بو چاركردنی ئەم دواكەوتنە ، ئەویش لە ریگەی :ــ

أ ـ پەلە كردن لە جی‌بەجی‌كردنی بریارەكانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شورش ، دەربارەی زمان ومافە سەقافیەكانی گەلی كورد ، وە بەستنی ئامادەكردن‌و ئاراستەكردنی ئەو پروگرامانەی كە پەیوەندیان‌بە مەسەلەی نەتەوایەتی كوردەوە هەیە ، لە ئیستگەو تەلەفزیون ، بە بەریوەبەرایەتی گشتی سەقافەتی كوردیەوە ·

ب ـ گیرانەوەی ئەو قوتابیانەی دەركرابوون یان ناچار بوون خویندن بەجی‌بهیلن بە هوی زروفی شەری ناوچەكەوە ·· بو قوتابخانەكانیان ، وە چاوپوشی كردن لە تەمەنیان ، وەیان دوزینەوەی چاریكی بەجی بو گیروگرفتەكەیان ·

ح ـ زیاد كردنی كردنەوەی قوتابخانە لە ناوچەی كوردی‌دا ، وە بەرزكردنەوەی رادەی پەروەردەو فیركردن ، وە وەرگرتنی قوتابیانی كورد لە دانیشگاكان‌و كلیەی عەسكەری‌و ناردنیان بو دەرەوەی ولات بو خویندن (بعثات‌و زمالات) بە نسبەتیكی عادیلانە ·

د ـ فەرمانبەرانی بەریوەبەریتی‌یەكان هەموو كورد ئەبن، لەو ناوچانەدا كە زوربەی كوردن ، وەیان لەو كەسانە ئەبن كە كوردی باش ئەزانن هەتا لە توانادا بیت ، وە لی‌پرسراوە سەرەكی‌یەكان (محافظ ، قائمقام ، بوریوەبەری پولیس ، بەریوەبەری أمن ، وە ئەم جورە وەزیفانە) لە ئیستەوە دیاری ئەكرین وە دەست‌بەجی دەست ئەكەن بە ئیش‌و كاریان و بە گەشە پی كردنی دەزگا كانی دەولەت لە ناوچەكەدا ، لەدوای راویژ كردن لەگەل «لیژنەی بەرزی» سەرپەرشتی كردنی جی‌بەجی‌كردنی ئەم بەیانە » بەشیوەیەك كە جی‌بەجی كردنی مسوگەر بكات وە یەكیتی نیشتمانی بەهیز بكات ، وە هیمنی بچەسپینی لە ناوچەكەدا ·

٥ ـ حكومەت دان بە مافی گەلی كوردا ئەنیت لە دروست كردنی ریكخراوەكانی تایبەتی بو قوتابیان‌و لاوان‌و ئافرەتان‌و ماموستایان ، وە ئەم ریكخراوانە ئەندام ئەبن لە ریكخراوە نیشتمانیە عیراقیەكانی وەك خویان ·

٦ ـ أ ـ دریژە ئەدریت بە كاركردن بە بەندی (١)و (٢) لە بریاری ئەنجومەنی سەركردایەتی شورش كە لە روژی ٥ـ٨ـ١٩٦٨ دەرچوە ، هەتاكو بەرواری دەركردنی ئەم بەیانە ، وە ئەمەش هەموو ئەوكەسانە ئەگریتەوە كە هاوبەشیان كردوە لە شەرو رووداوەكانی ناوچەی كوردی‌دا ·

ب ـ كریكاران‌و فەرمانبەران‌و مستخدمەكان ، چ مەدەنی‌و چ عەسكەری ، ئەگەرینەوە سەر كاروباری خویان ، وە ئەمەش ئەكریت بە بی خو بەستنەوە بە «مـلاك» ، وە سوود لە مەدەنی‌یەكانیان ئەبینریت لە سنووری پی‌وویستیەكانی ناوچەی كوردی خوی‌دا ·

٧ ـ أ ـ دروست كردنی كومیتەیەك لە كەسانی شارەزاو پەیوەندی‌دار بە مەسەلەكەوە ، بو بەرەوپیش بردنی ناوچەی كوردی لە هەموو روویەكەوە بەوپەری خیرایی كە لە توانادا بیت ، وە بژاردنی زەرەرو زیانی ناوچەكە لەو سالانەی دوایی‌دا ، وە تەرخان كردنی «میزانیە»یەكی تەواو بو جی‌بەجی‌كردنی ئەمە ، وە ئەم كومیتەیە ئەبەستریت بە وەزارەتی كاروباری ژوروووەوە ·

ب ـ ئامادەكردنی نەخشەی ئابووری بەشیوەیەك گەشەكردنی وەكویەك (متكافیء) مسوگەر بكات بو هەموو ناوچەكانی عیراق ، لەگەل رەچاوكردنی زورفی دواكەوتویی ناوچەی كوردی‌دا ·

ج ـ تەرخان‌كردنی رەواتبی تەقاعدی بو خیزانەكانی ئەو كەسانەی كە شهیدكراون لە كاتی شەرەكانی ناراست لەو كەسانەی كە بەشداری بزوتنەوەی چەكدارانەی كوردی بوون ، جگە لەمانەش بو ئەوانەی كە پەك كەوتە بون بە هوی ئەو بارە نالەبارەوەو بەپی‌ی یاسایەكی تایبەتی گونجاو لەگەل ئەو یاسایانەی كە ئیستا كاری پی‌ئەكری ·

د ـ كاركردن بو یارمەتی دانی زەرەرمەندو ئەوانەی بیویستە یارمەتی بدرین لە ریگای جی‌بەجی كردنی پروژەی خانوبەرەو دوزینەوەی ئیش بو بی‌كارەكان‌و پیشكەش كردنی یارمەتی عەینی‌و نەقدی گونجاو بژاردنیكی پەسند بو زەرەرمەندەكان‌و ئەوانەی كە پیویستیان بە یارمەتی دان هەیە، ئەمە بە لیژنەی بەرز ئەسپیردری وە ئەمە ئەوانە ناگریتەوە كە لە بەندەكانی سەرەوە باسكراون ·

٨ ـ گەراندنەوەی دانیشتوانی دیهاتی عەرەبی‌و كوردی بو شوینەكانی پیشویان ، بەلام دانیشتوانی ئەو دیهاتانەی كە نابی بو جی‌نشینی‌و حكومەت ئیستملاكیان ئەكات بو بەرژەوەندی گشتی بەپی‌ی یاسا ، لەو ناوچانەی نزیك ناوچەكانی خویان دائەنرین‌و بژاردنیكی پەسندیان ئەدریتی لە جیاتی ئەو زەرەرەی ئەیكەن ·

٩ ـ خیرایی كردن لە جی‌بەجی كردنی یاسای ئیسلاحی زراعی لە ناوچەی كوردی‌و دەسكاری كردنی بە شیوەیەك كە دەستەبەری نەهیشتنی پەیووەندیەكانی دەرەبەگایەتی بكات‌و جوتیارەكان پارچەی گونجاوی زوویان دەسكەوی‌و لە باجی زراعی كەلەكە بوو عەفوبكرین كە لە سالەكانی شەری ناخوشدا كوبونەتەوە ·

١٠ ـ پیك‌هاتن لەسەر دەسكاری دەستوری كاتی بەم شیوەیە بو :

أ ـ گەلی عیراقی لە دوو نەتەوەی سەرەكی پیك‌هاتوە كە نەتەوەی عەرەب‌و نەتەوەی كوردە ، وە ئەم دەستورە دان بە مافە نەتەوایەتی‌یە ـ كانی میللەتی كورددا ئەنی‌و مافی كەمە نەتەوایەتی‌یەكانیش لە چوارچیوەی یەكیەتی عیراق ·

ب ـ زیادكردنی ئەم بەندە لە مادەی چوارەمی دەستوردا زمانی كورردی ئەبی بەزمانی رەسمی لەگەل زمانی عەرەبی لە هەریمی كوردی ·

ج ـ چەسپاندنی ئەمەی سەرەوە لە دەستور ·

١١ ـ گەراندنەوەی ئیزگەو چەكی قورس بو میری وە جی‌بەجی كردنی ئەمە بەندە بە جی‌بەجی كردنی قوناغەكانی كوتایی ری‌كەوتنەكە ·

١٢ ـ یەكی لە جی‌گرەكانی سەرەك كومار كورد ئەبی ·

١٣ ـ یاسای موحافەزات دەسكاری ئەكریت بەشیوەیەكی گونجاو لەكەل ناوەروكی ئەم بەیان‌نامەیە ·

١٤ ـ ئیش كردنی پی‌ویست پاش بلاوكردنەوەی بەیانەكە بە مشورەتی لیژنەی بەرزی سەرپەرشتی جی‌بەجی كردن بو یەك خستنی موحافەزات‌و وەحداتی ئیداری كە زوربەی كوردن بەپی‌ی سەر ژمارەكانی رەسمی كە ئەكری ، وە دەولەت

بروانە لاپەرە ١٥

پاشماوەی [چەپوكی ··

دایكم دوای سوتاندنی لە بنا كەوتەخوارەوەو كەوت بەسەر هەردوكیانا لەباوەشی پر تولەی گرتن ·· ئیتر ساتیكی تر ئەو دەنكە خولەمیشانەی دوای من دین‌و بە لاتا تی ئەپەرن ·· بەرهەمی تولەن و جەستەی پلیشاوەیان تیكەلاو بەجەستە سوتاوەكەی دایكم بوە !··

پاشماوەی [زمانەوانی ··

وەكو :

شیواندن ، ئەشیوێت ، نواندن ، ئەینوێنێت · سوونەوە ، سووان ، ئەسوێت

كەوابوو (ێ) دەنگێكی تایبەتیەو پێویستە لەگەل (و)ە كە بنووسرێت ، وە ئەگەر بەشێوەی (وێ) بینوسین مانای ئەوەیە هەردوو دەنگەكەمان كردەیەك دەنگ‌و جیامان كردەوە لە شێوە ڕاستەكانیان كە ئەمەش یاسا ڕێ زمانیەكە تێك ئەدات ·

واله كردارەكاندا نەمانتوانی دان بەبوونی ئەم دەنگە (وێ) نوێ یەدابنێین ·

ئینجا بێینە سەر باسی ناوەكان ؟ ـ

چاووگی (سوونەوە ـ سووان) كردارە رانەبوردەوەكەی ئەبێت بە (ئەسوێت) كەووشەی (سوێنەی)ی لێ‌وەرگیراوەو هەر (الف)ەكەیە بۆتە (ێ) ·

وە لەچاووگی (نواندن) كرداری ـ ئەنوێ ·· نێت ـ وە ناوی (نوێن) ی لێ وەرگیراوە ·

كەوابوو نەمانتوانی(سوێنەوە نوێن) بەشێوەی (سوێنەوە نوێن) بنووسین چونكە (ێ) كە لە بنچینەدا هەیە ، نە ئەگۆڕدری نە لا ئەبرێ ·

جا ئەو دەنگەی كە لە ووشەكانی (سوێنەو نوێن)دا دێتە بەركوێ كە (وێ) یە هەر ئەو دەنگەیە كە لەم ووشانەدا دێنە بەركوێ ؟

دوێنێ ، شوێن ، گوێ ، كوێ ، هەوێن ، خوێن ، بلوێر، كوێر ، خوێری ، هەڵوێست ·

پاشماوەی ل ٩

نەسیمی جوولانەوەی گورڕانی ئەم چەرخە ختۆكەم ئەدا : بۆیە پێ‌ئەكەنم ·

ـ بەمن مەلی : بێ‌هەستی ! لە پاڵ یاڵی كەلاوەكانا ، بەختیاری كوا ؟

ـ بەختیاری كوا ؟ هەیهۆ · گیانەكەم ! كە ئەمرۆ لە ددێنێ باشتر بێ‌و سبەی لە ئەمرۆ باشتربێ ··· ئیتر خەم‌و بیزاری چۆن ڕێگا دەرئەكا بەرەو دەروونی من ؟؟

ئیتر مەلی : (خوزگەم بەپار) ··· خۆزگەم بەوانەی ئەمرۆ لەدایك ئەبن ·

(بەپێ نووسێك)

چیرۆکی ژمارە

ڕێبوار و ڕێگا

صدرالدین عارفی

تیشکی خور لەپشت شاخەکەی بەردەممانەوە دەرکەوتو ڕەنگیکی زور دلگیري دا بەسەر بەفری لوتکەو قەدپالی شاخەکانی دەورو پشتمانا • قوراوی ڕیگاکە بەتەواوی بیزاری کردبووم • هەر چەندم ئەکرد نەم ئەتوانی بگەمە حەمە غەریبی هاوریم ، کە بە هەنگاوی بەهیمنی یەوە ئەرویی •

هاوریکەم ، خوی لەقوراوی ڕیگاکە لاداو کویرەری یەکی زیخاوی ، کە بەرەو شاخەکەی بەردەممان ئەرویی ، گرتەبەر • ئنجا ، پاش ئەوەی کەنزیك پارچە شاخیکی زل بووەوە ، ئاوریکی دواوەی‌داو ، بانگی کردم •

زور ماندوو بووم • جگەرەکەی دەستم‌فری‌دا • ئەمە چوارەم جگەرەیە کە لەنیوەی کەمتری بکیشم‌و فری‌ی دەم • لەبەر هیلاکی لەشم وەلامی هاوریکەم نەداوە • چاوم هەر لەقوراوەکەی بەرپیم بوو • وام بەبیراهات کە ئەگەر ئەم بەشەی ڕیگاکە تەواوبی پاشماوەی گەشتەکەمان زور سووك‌و ئاسان ئەبیت • کەلی‌ی نزیك بوومەوە ، هاوریکەم ووتی :

« لیرەدا جگەرە خوریك دائەنیشین ، بو ئەوەی توزیك بحەسیینەوە» • وەلامم نەداوە• بەتەواوی شەرم دای‌گرتبووم • ئەم زانی ئەم حەسانەوەیەی لەبەر منە چونکە ئەمە یەکەم جارمە کەشەوو روژیك بەسەر پیوەبم • پرسیم :

« زورمان ماوە بگەینە گوندەکە ؟ »

هاوریکەم چاوی بریبووە ئەو جگەرەیەی ئەیپیچایەوەو ، تفەنگەکەشی نابووە باوەشی • ووتی :

« دوو سەعاتە ری‌ی‌ماوە » •

جگەرەکەی پیچایەوەو،زمانیکی بەدریژایی جگەرەکەدا هیناو بەچەرخەکەی دایگیرساند پاش بی دەنگی‌یەکی کورت ووتی : ئیشەکەی چی‌یەو هەولی پاش حەسانەوەیەکی کورت « ئەم ڕیگا بەقورگیراوە بەرازی لی دەرناچی ، زور ماندووی کردین » •

ئەمزانی بەشی دوایی قسەکەی دلدانەوەیەکە بو من لەتەنیشت هاوریکەمەوە ، بەبی دەنگی ، دانیشتم • هەستم بەوەکرد کە دەمارەکانی رانم بەتەواوی توند بوون ، خورپەی دلیشم لە جاران خیراتربوو • شیوەی باوکم هاتەوە بەر چاوم • باوکم کیسەتووتنەکەی هەر بەدەستەوە بوو ، بەپشت نەبەستراوی ، هەتا کادانەکەی پشت مالمان کەوتەشوینم هەولیکی زوری دا بوئەوەی نەکەومە شوین حەمە غەریب • بەگویرەی قسەکانی باوکم ، حەمە غەریب لەپانزە سالی‌یەوە کەوتوتە ویل‌بوون‌و دەربەدەری • « بو ماوەی پانزە سال کەس نەی ئەزانی لەکوی گیرساوەتەوە ، یەکی ئەیووت مردووە • یەکیکی‌تر ئەیووت چووە بویەکی لەشارە گەورەکان بو ئیش‌کردن • هەریەکە قسەیەکی ئەکرد • روژیکیان ، من‌و سوفي عەلي ، لەسیبەری دارتووەکەی بەردەم مزگەوت دانیشتبووین ، جگەرەمان ئەکیشاو باسی دنیامان ئەکرد، لەناکاو ، لاویکی بالا بەرزی تیك سمراو ڕووی‌لیمان کردوو بەگەرمی دەنگ‌و باسی گوزەرانی‌ی ئیمەو زوربەی خەنکی گوندەکەمان گەرانەوەی حەمە غەریب ڕووداویکی گەورەبوو لەگوندەکەمانا • ئەم لاوە خوین‌گەرمە ، بەزمانی پاراوو ، بەقسەی سەیرو سەرسووڕینەری ، بیرواری بیروڕای خەلکی گوندەکەمانی بەتەواوی شلەژاندبوو • چەند جاریك لەگەل مەلا سەعیدا کەوتە مشتومر • ئەوی جی‌ی سەر سوورمانە ، تائیستا لەهیچ گوندیك نەیتوانیوە ئوقرە بگریت ئیشیکی بەدەستەوەیە ئەگەر تەواوبی ، وەکوو خوی ئەلی ، ئیتر بەتەواوی جوری ژیان‌و رابواردنی ئەگورری ، بەلام تائیستا بەکەسی نەووتووە کە گەشتەکەمان بەم‌جورە چی‌ئەدا • » وادیار بوو باوکم گەلی‌شتی تری ئەزانی ، بەلام نەی ئەویست دەریان‌بخا پیویستیش نەبوو • زوربەی ئەوشتانەم لەخەلکی گوندەکەمانەوە بیستبوو • ئەمزانی هاوریکەم تائیستا ملی بو زور لاناوە بوچارە سەرکردنی ئیش‌و کاری خوی • ئەمزانی ئەم‌جارەش هەر بو ئەو مەبەستە هاتووە ، لەبەر ئەوە زور بەپەروشەوە هاوری یەتیم کرد ، بو ئەوەی شتیك دەربارەی تەنگ‌و چەلەمەکەی بزانم •

دیسانەوە کەوتینە رویشتن ، ئەوەندە بیرم لە ئەنجامی گەشتەکەمان کردبووەوە ، میشکم بەتەواوی وور بوو بوو • ئەم پیاوە پیرە کی‌یە کە بەلینی چارە سەرکردنی مەسەلەکەی پی‌داوە ؟ هەر چەندبیرم ئەکردەوە نەئەگەیشتمە هیچ ئەنجامیك •

کە گەیشتینە گوندەکە چیشتەنگاویکی درەنگ بوو • چونکە لەدەمیکەوە بیرم لەئەنجامي ئەم گەشتەم ئەکردەوە ، بەتەواوی شلەژابووم ، بەلام بەهیچ هیچ جوریك چاوەروانی‌ئەوە نەبووم کوتایی بیت : ئەوکابرایەی کەبەشوینیا ئەگەراین سی چوار روژ لەوپیش مردبوو ـ کەسیش نەی ئەزانی پون‌و لەبەرچی !

کەسەیریکی هاوریکەم کرد بەتەواوی سەرسام بووم ، چونکە بەهیچ جوریك هەستی بەناکامی نەئەکرد ، بەلکو بەپیچەوانەوە سیبەری زەردەخەنەیەك بەسەر لیوی‌یەوە دیاربوو • بی ئەوەی خوی تیك‌دا ، دەستی گرتم‌و لەگوندەکەی دەرکردم ، ئنجا بەندرمی‌یەکەوە ووتی •

« وادیارە ئەبی لەسەرەتاوە دەسی پی‌بکەینەوە ! » •

ڕوون کردنەوەیەك

ساجد ئاوارە

کاك (احمد سید علي) لەژمارە (٧)ی هاوکاری بەریزدا لەسەر نووسینەکەم (سەرەتایەك ، دەربارەی کورتە چیروك) چەند گلەیی‌یەکی کردبو ، بو ڕوون کردنەوەی :

١ ـ بەلی ئەو نووسینەم بو (پیشەکی) چیروکەکانی کاك (احمد سید علی)م نووسی وابزانم سالیك زیاترە •••!

٢ ـ لەپیش دووسی مانگ پتر تریش کاك (احمد)م لەلای سینەمای سیروان دی ، وە وابزانم هەندی لەقسەکانی خوی لەبیرچوەتەوە کە ووتی (رەقابە دەفتەرەکەی بو مورنەکردم‌و نووسینەکانیش سەری تیاچووە) بەلام پیروزبایی لی‌ئەکەم کە بە (چپە)کەیا دەرکەوت دەفتەرەکە ماوە ••!

٣ ـ نووسینی پیشەکی‌یەکە لام مابووو ووتم ئەگەر دەفتەرکە چاپ نەکری بوچی بفەوتی هەندی دەست‌کاریم کردو بو (هاو کاری)م نارد بۆسوودی گشتی بلاوبکریتەوە ، بەبی هیچ نیازیکی خراپ

٤ ـ هەر نووسینیك لەگوفاردا وەیا لەروژنامەدا بلاوکرایەوە ، مانای ئەوەنی‌یە مافی بلاوکردنەوەی جاریکی تری بفەوتی ••!

٥ ـ هیوا دارم کاك (احمد) ئەوە لەدلی خویا بسریتەوە کە وابزانی من پیم ناخوش‌بوو ئەم (سەرەتایە) لە کتیبەکەی ئەودا بنووسری بویە وام کردووە تا رزگارم بیت ••!

من هیوای گەورەم بەکاك (احمد)ە چونکە لاویکی ژیری لی‌هاتووی خاوەن هەست‌و تیبینی ووردە ، وە ئامادەم لە هەموو کاتیکا بەپی‌ی توانا لەمە باشتر یاریدەی بدەم چونکە لای‌من پەئەندامیکی کوردی بەنرخ دراوەتە قەلەم •

زور سوپاسی هەلسورینەران‌و روژنامەی (هاوکاری) ئەکەم کەبەم دەمە تەقی‌ی برایانە ، هەندی جی‌ی نووسینمان لی‌تەنی ••!

شۆڕشی ڕۆشن بیری لەچین دا

شورشی روشن بیری لەچیندا

بەلام بووە چون سیستەمە سوشیالیستەکان هەڵئەقولێن؟

رون کردنەوەی ئەمە ئاسان ئەبێ ئەگەر سروشتی سیستەمی سەرمایەداری شی کەینەوە ، کەوابو سەرمایەداری چی‌یە ؟

سەرمایەداری ئەوسیستەمەیە کەلەسەر زەبروزەنگی سەرمایە بەرامبەر کرێکاران پێك هاتووە ئەمیش لە رێککەی دەست گرتن بەسەر کەرەستەی بەرهەم هێنان ، دوواجار هەڵلووشینی روژانەیان لە رێگەی بازرگانی‌و قازانجی نارەواوە وەبەو قەدەرەی سەرمایە نیشوونما ئەکات ، ئەوەندە دەرەفەتی راورووت کردنی خەلکی زییاترو فراوانتر ئەبێت . بەواتەیەکی تر دەرفەتی زیندوی سەرمایە لە دەستسەپاندنە بەسەر توانای کرینی (القدرة الشرائية) میللەتان‌و دزینی بەرهەمەکانیانە .

سەرمایەداری بەسێ قوناغی مێژویی تێپەریووە ، یەکەمیان قوناغی داهاتن‌و ئیستثماری ناوخویی ، دووهەمیان قوناغی نشوونما کردن‌و فراوان بون‌و ئیستثمار کردنی سامانی سروشتی‌و کەرەستەی خاوی پێویست بوپیشەسازی ، سێهەمیان قوناغی پەرەسەندن‌و داگیرکردنی وولاتان‌و بەشداری کردن لەئەشـدن بەتوانای کرینی میللەتان تابەو پلەیەی کە بەردەوامی فروشتنی بەرهەمەکانی زامن ئەکات‌و بەس .

لەم سێ قوناغە دەوری ئیستعمار لەپشت گیری کردنی سەرمایەداری ئاشکرا ئەبێت بەتایبەتی لە دەوری دوهەم‌و سێهەمی سەرمایەداری کە گەشەی‌دا بەهەندی پارچەی هەژار لە رووی کەرەستەی خاوو پێشی‌خستن لەسەر حسابی هەندێ پارچەی‌تر کە دەولەمەندبو بەکەرەستەی‌خاو . پاش ئەم پلەیەو پاش ئەوەی بازرگانی بەو پەری سەربەستی کە هەیبو نەیتوانی هەرزنترین نرخ بو بەرهەم هێنانی سەمایەداری زامن کات ، ئیستعمار خوێ تێ هەڵقورتاند بو ئەوەی میللەتان بەزەبری‌زور ناچارکات سامانی خۆیان بخەنە ژێر دەست بەسەرا گرتنی سەرمایەداری جیهانی ، هەروەها هەموو توانای مروڤایەتی خستەکار لە رێگەی سەپاندنی سیستەمی بێگاری لە هەموو ئەو شوێنانەی کە دەولەمەندن بەکەرستەی خاو .

ئیتر بەم‌شێوەیە چەوساندنەوە چەسپا تاوەکو میللەتانی چەوساوەو راورووت کراو بەرەبەرە هەستیان بەمەترسیەکانی مانەی سەرمایەداریان کرد ، کە ئیستعمار پشت گیری ئەکات ، وەبەرەبەرە دەستی‌یان کرد بەمومارەسەی مافی خویان لەبەرپا کردنی‌شورش لەپێناوی رزگاری سیاسی‌و ئابوری .

لەمەوە گێرمەوکێشە دەستی پێ‌کرد کەسەرنجام ئیستعماری نوێ دروست بو ، ئەم ئیستعمارە نوێیە توانی روخساری رزگاری سیاسی بشێوێنی لەرێگەی دامەزراندنی نوکەرەکانی خۆی ، وەلەجیاتی ئەوەی راستەو خوحوکم کات، حوکمی دایە دەست کونەپەرستەکانی نوکەربوی بەرێووەبەرن‌و بەرژەوەندەکانی بپارێزن ، نەك‌هەر ئەمە بەلکو رزگاری ئابوریشی شیواند ،

بروانە ل ١٥

نووسینی :
عبدالرحمن ابوقوس
وەرگێری : پ

وەرزش

هەوالی وەزرش لە جیهاندا

● لە دەورەی شەشەمی گەمەکانی ساحەو مەیان لە هوڵە داخراوەکان کە لە ئەلمانیای دیموکراسی کرا ، کچە ئەلمانی‌یەکە [کارییف بلیزر] ژمارەیەکی قیاسی جیهانی نوێی تومار کرد لە راکردن بەسەر تەگەرەکانا بو ماوەی (٥٥) م کە بەحەوت سانی‌یەو پێنجێکی سانیە بری‌یەوە .

● ئیسماعیل شافعی پاڵەوانی تنسی عەرەبی سەرکەوت بەسەر پاڵەوانی ئوسترالیا ٦ بە ٣ وە ٦ بە ٣ لەو گەمەیەی کە لە لەندەن کرا ، بەمە ئیسماعیل بو بەپاڵەوانی جیهان هەروەها خەلاتێکی وەرکرد کە دە هەزار پاوەن بو ، ئەوی شایەنی باسە ئەمە دووەم جارە ئیسماعیل لەپاڵەوانی ئوسترالیا ئەباتەوە جارەکەی پێشوولە ئەمریکا لێی بردیەوە .

● هەڵبژاردەی ئیتالیای توپی پێ لەگەڵ هەڵبژاردەی مەکسیك یەك بەیەك دەرچو لەو گەمەیەی کە لەسەر یارگەی مکسیکوی وەرزش کرا ، کە زیاتر لە (٥٠) هەزار سەیرکەر

● بریاردرا لەسەر

هاتبوون بو بینینی .

ئەوگەمانەی کە لە دەورەی دوستایەتی نێوان ك. ع. ی‌و یەکیەتی سوڤیەت برێتی بن‌لە توپی پێ‌و نیشان‌و بوکسێن‌و شەرەشیرو یاری گەشتی هاژوتن .

⊙

چی ئەزانی دەربارەی یاشین گەورەترین پارێزەری گۆل

لە ٢٢-١٠-١٩٢٩ یاشین لە دایك بووە وە لەناو ماڵێکی کرێکارانە پەروەردەبووە ، باوکی ئیڤان یاشین بووەو دایکی ئەلکسەندەرا بووە،وەکو هەموو منالانی‌تر تەمەنی بردە سەر ، بەلام جەنگی جیهانی نەیهێشت خوێندنی تەواوکات، بویە لەتەمنی (١٢) ساڵی‌دا بو بەکرێکار لە کارگەێکا . لەو ساڵانە ئارەزووی یاری کردنی توپی پی لای یاشین دروست بوو پەرەی سەند بویەکەم جار بوبە پارێزەری گولی کارگەکەوە لەوێوە بو تیپی دینامۆی بەناوبانگ پاش دووساڵ لە مەشق کردنێکی زور زەحمەت ئەوەبو لە ساڵی ١٩٥٤ بوبە ئەندامێکی تیپی دینامو . لەم ساڵە یاشین یەکەم سەرکەوتنی بەدی هێنا کە یانەکەی بو بەپاڵەوانی دەوی لەیەکێتی سوڤیت‌دا ، پاش ئەمە بوبە پارێزەری گۆلی تیپی هەلبژێراوی سوڤیەتی ، سەرەنجام یاشین هەلبژیررا بەچاکترین پارێزەری گول لەجیهانا .

وەهەرچەندە یاشین لەوکەسە هەرە بەناوبانگانەیە لەجیهانی وەرزشدا وەکو بیلیەو بوبی شارلتون بەلام سەرەرای ئەمە نمونەی مروڤی پاك‌و ساکارە وەباوکێکی خوشەویستی هەردوو کچەکەیەتی [ئیریناو ئیلینا] .

لە ساڵی ١٩٦٧ یاشین هەلبژیررا بە نوێنەری موسکوو ئێستا لە قوتابخانەی بەرزی حزب ئەخوێنێت . جگە لە گەمەی توپین یاشین زور راوی ماسی‌ی پێ‌ی خوشەو لەم سەفەرەی دووایی بو ئەلمانیای دیموکراسی چەند ماسیێکی گرتبوو پێشکەش ئەوکچانەی کردن کەهاتبونە لای بەبونەی هاتنی بوئەلمانیای دیموکراسی .



هەمەڕەنگ

ئامادەکردنی علی نقشبندی

شــــــارەزا

عیسەکی دلانی هەبو لوەختی حکومداریا پاشایت میر سیڤدینا لئمیدیی ٠ دلانی ئیجـــاخەکا دیارە لناڤ مزیریا دا گەلــەك دەمیت نەخوش بی پەری هەمی تاو ئیجاخو پرتیت کــوردا دا هاتین ، پاشی روی دانا هندەك ،نەخوشیا ئان پەر هاتیا کــو وەکــــری گــــەلەك ژ وان (عەشیرەتا) یی تڤەقەتیاین ئان بیت (تەرەبەرا) بوینو چوینە جهیت دەرڤە ئان خینـــــەکا لی کەتی ئان یت بخو ژ بەر زور دری ئو نەقەتیا مەزنیت خــو چوینو لشوینەکا دی یـــــا دویردەست دانابو بخو ئیشق کار ئان کری‌کاری یا کریو یت خو جهو بنەجە بشوین ئیــك ژ وان (عەشیرەتا) کو مزبری نە یت گەلەك بەلاڤ بوینـــو ببوشانی یت چوینە دەرڤـــە ، هەر چە شینەکا چوینی دیـارن بزیرەکاتیا خو ئو میرانیا خــو ترسیانی ژ دژمنی ٠ ئاقل مەندو سەیداو ماموستا یت چاك یت چاك یت ژی رابوینـــو میریت پاشی یی لناڤ هەبوین ژ بەری ئو نوکە ژی ٠ دبیـــــــژن پاشایی میر سیڤدینا عیسی دانا جهی کار بەدەستا لنك خو ئو ریو بەراتی لناڤ حوکمی وی دکرو لنك پاشای یی پی دای بو ژ بەر ئاقلو تیگەهشتا وی ، گەلەك پەر هاتیو شولیت دنیایی پەری وی هاتبون بخو ئاقــل ژی گرت بو ٠ پاشایی چــو کار نە تکرن دا پسیارا عیسی کەت پاشي دا وی کەت ، ئــو عیسی هەر یت گەل پاشایی بو لهاتنو چونا لناڤ باژیری ئــو لدەرڤە چنکو عیسی گەلـــەکی ئەمین بو بو پاشایی ٠ دبیژن روژەکی پاشا دەرکــــەت ژ باژیری ئو چو بەیاری ، خــەوا پاشای هات ئینا نڤست لبــەر کەلەکەکی ئو عیسی پرتـــەکا پەر چاڤ داداو باوەشنیك لی کر دا میش نە نهین لەرو چاڤا ٠ عیسی دیت (دیپشکەك) ژ وی کەلەکا (خم خورە) دەرکەت وڤ قەستا پاشایی کر ٠٠ عیسی بخو گوت : چ بکەم ! چاوا ئو بچە بکوژم ٠٠ دا پاشا ژ خەو نە رابیت ٠ عیسی ما راوەستای دیپشك نیزیکی سەری پاشایی بو بیرا عیسی خەنجەری هات ٠٠ گوت : من دیت ٠٠ کوشـتنا بخەنجەری یا بی پیژنە یا بی دەنگ ، دی سەری خەنجەری گەهینمە پشتی دی بی خــەم کـــــەم ٠٠ عیسی دەست دا

خەنجەری بیفە ت بي ژ ئافلاني دەرکەت دیپشك هیدی لسـەر پی خو زفری ڤە چو تلەلەکی را پاشایی هو چاڤیت خو زل کرن دیت عیسی یی خەنجەری تهەل کیشیت گوتی : ئەو چییە عیسا ! عیسی گوت : پاشـــا چو ٠٠ پاشایی گوت : چــــە چو ٠٠٠ عیسی گوت : پاشـا چو ٠٠ پاشایی گوتی : ما چە بو ٠٠ عیسی گوت : پاشا چو دلی پاشای پیچەك ئالوز بو ، عیسی پی حەسیا کو دلی پاشایی یی ژی تەزی ٠ دبیژن پاشـي وەختەکی کیم عیسی گوتـــە پاشایی هەکو تـــو سەغبیریا ئاشەکی لدەرڤەی باژیری بدەیە من ئەز دی زور کەیف خوشی بم ٠٠ پاشایی گوتی باشە ، خرابە ئاشەك یی هەی لبەری گاری هەرە بخو چی کە ئــو رینە بەر ٠

عیسی چو ئاش چی ڤەکـر ئو گیرا ٠ دەمەکی دریژ عیسی بود دەستیت پاشایی دا نـــە رازی بون دیار بو ژ حوکمـی پاشایی ، کەسی نە بو چـــارە دیتنەکی پی بکەت ٠ لعیسی ما لبەر ئاشي ٠ دبین وەختەکی کارو ریو بەراتیا باژیری ئالوز لادی‌یەکی ڤیتنامی دوزیـەوەو پێشەمان بو ، ئێك ڤرێ کـر کا عیسێ چ دکەت ! ئەوی کەر بارەکێ دەخلی بار کر ئو چو قەســـتا ئاشێ عیسێ کر ، گەهشتە ئاشی دیت چـــــو هەڤران لێ نینن ، عیســـێ گوتێ : تو راوەستە هێژ گەها تە نە هاتبە ! مێرکی گوتێ : ما دەخلو دکاکێ کێ لێ یە ؟ گوتێ یێ کەسێ لێ نینە بەلێ تو لێ نا کەی ٠ هندی مێرك ما پیڤە کرو نە کر عیسێ نە هێلا دەخلێ خو لێ کـــەت ، عیسێ گوتێ : ما ئاشێ مـــن ئەینە ! ئو ئەزێ پکەیفا خـــو نینم ! ما کي هەیە کوتەك بێ لمن بکەت من چاوا کەیف چیتێ دی وەکـــەم ! مێرك بێ هیڤي بو ، ما لوێرێ وێ شـــەڤێ ، سپێدێ عیســـێ گوتێ : دا بچینە ناڤ وەرزێ من هـــەتا هەڤرانێ نە نێنـــە خـــارێ ، چونە ناڤ گوندورا ، دیت چي گوندورێ گەهشتي عیســـێ هەلاند بکەلەکێ ڤە پەقاند ، ئو بنێ کەرکا خوش کر ئو جهێ وان راست حولي کر مێرك تێ نە گەهشت عیسێ بو چي وە کر عیســـێ گــوتێ : دێ دا بچینە ڤە نوکە هەڤرانێ تـــە هاتبە خارێ مێرکي بارێ خو بارکر گەهشـــــتە ئامێدیێ ، پاشایی گوتێ : ئێ تە عیسی

دیت ؟ مێرکي گوتێ : بـەلێ من دیت ، بەلێ عیســـێ دیو بوي ، پاشایی گوتێ : چاوا ! گوتێ : من هوسا عیســــی دیت ٠٠ پاشا تێ گەهشت ٠ راست رابو روژا پاش تر جابا مەزنێت باژێرێ ڤرێ کـــر ێت دەخەسو یت نەقەتو یت نـــە راوەســـتاي گـــوتێ : دێ قوتابخانەکێ درست کەین بو بچیکێت هەوە دا لێ بخینن ، خارنا وان ئو جلکێت وان ئو نڤستنا وان لسەر من دا بخو زیرەك ببن ئو تێ بگەهن دێ ســــــەیدا دەرسا بێژنێ دا شەهرەزا ببن ، هەمیا گوتێ : شولەکا چاکــە ٠ کورێت وان کوم کرن ئو جهەك بو درست کر ئو کرنە تێڤە ٠ روژا پاش تر جابا وان هنارتە ڤە هندەك هێلانە تگرتي خانێ ڤە ، هندەك کوشتن ، هندەك دەریخستن ژ باژێري باژێر تـــەنا بو ئو پاشـــایی حوکمێ خو گیرا بێ گازندە ٠ جارەکـــا دي جابا عیسێ هنارتو ئینا ڤە ئو پێ تر ،نێزیکی خو کرو زور چاکي ئو قەنجي دگەل کرن ٠ زاني کو عیسی بو وي پێ‌تر تي‌نیت **ئەڤە پســـەر هاتیەکا گەلـــەك چاکە بو هەمي کەسێت کـــار دەستي دا ، لهەمي جهـــا ئو لچار نکارێت دنیایێ ٠٠٠٠٠**

– روژا بابینێ –

هەر وەختێ ئەو روژ تێت هەمي پسیار دکەن کا کي یی سێلە یە کو ناڤێ (مەسترین باب لێب نن) دمێژوا کەڤن دا ئو حەتا نوکە دیماهێ دیت کو ناڤێ وي (موشـــیدي) بو لدەمـــەکێ پیشـــێ قەرالێ (کونغویی) بو بابێ (٩١٠) کورا بو ٠٠٠

روژەکێ من خاند لبـــەر پەرەکي تشتەکێ گەلەك تازە ٠ بەلێ هەکە راست‌بیت (خوزي ڤي چاخي ژي ئەو ببا دا هەمي ئیکو دو چاك بینن) بەلێ چ کەسپو کـــار پێك ناهێن پخوزیێ ، جارەکێ هنــــدەك مروڤیت بیاني هاتنە گوندەکي ژنکەك یادگەلو کیتکەك‌لکوندي بانگ هەلدێرا کە ئەڤ شەڤە مروڤە دێ‌هندەك یارێت‌خشکوك کەن لقوتابخانا گوندێ دا هەمي بێنـــە پێش ٠ دیماهیا یاریا ژنك دەرکـــەت کێتکا وێ یا تکوشێ دا بەرچاڤکەکا رەش یا لبەر چاڤێت کیتکێ ژنکێ گوت نوکە دێ بەرچـــاڤکا ژ چاڤێت کیتکێ ڤەکەم هین هەمي بەرێ خو بدەنە ئیکو دو یێ ژ هەوە دزبیت دێ بینن رنگـــێ وي خولي‌کي بو ، یێ ژنکەك ژ دل بڤێت دێ رەنگێ وي سور بیت یێ ژ هەوە درەوین ئو دو روي

بیت دێ ڕەنگێ وي بنەفشي بیت ٠ بێ چاڤ بکەسێ ژ خو باش تر ئو چێ تر نە رابیت دێ رەنگێ وێ تەبەسي بیت ٠ هەمیا گوت ئەڤەدەرەوە هندەکا باوەرکر هندەك ژێ ترســـان هندەکا شەرم کر ٠ بەرچاڤك ژ چاڤێت کێتکێ ڤەکرن هەمیا بەرێ خو دا ئێکو دو نەخێـــر راستە پیکڤە قەستا کوشـــتنا کیتکا رەبەن کر ، تێـــــك هەلنگفتن خو پسەر ئێکو دادا هندەك ترسان ئو هندەکا چاڤ لێ فرهە بون من بخو گوت : (ئەز ئاوینەکا راست ژ کیڤە بینم دا هەمي خو تێرا ببینن کا چــــە نە) وەکي خودانێ تابیتێ ٠

گوتنێت مـــەزنا

ئاخفتنێت مروڤێت کـــەڤنوبسەرهاتی گەلەکن ێت بومــە بوینە بناغ لسەر برێڤە بچین‌دژیاراخودا یا دنیاداریێ هەکو ئەم بزانین هندەك ژڤان گوتنادێ‌ئینینە بیراخو بەر بەرە دا ببیتە ئارمانج ئو قازانجێ ژێ‌بکەین ٠ یا هاتیە گوتن دبەرێ بکـــەین ٠ یا هاتیـــە گوتن‌دبەرێ دا ٠

– (هەکو خێر هاتە وەلاتی‌دێ گەهیتـە مەخلوقاتی) ٠ دیار دکەت ژنیا پێك ڤـــەیاهەمی مروڤا یاپیك گـــرێ دایە ٠ رێکا ئازادیێ و سەر–بەستێ دێ بیتە ئەگـــەر بو کامەرانیا هەمو هەژاریت دي ،ژبەرڤێ چـەندێ نابیت مروڤ یێ‌دل رەش بیت دومێ‌خوشیەك تگەهیتـــە هەڤالـــەکی ئان نیاسەکێ مروڤی ٠

ئودیا یاهاتیـــە گـــوتن ژزادەڤێ ئاقل مەندا :

– (هەتا بەرێ دەســـتی‌رەش نەبیت تاما دەڤي خوش نابیت) ٠ دو مروڤ هـــەڤال‌بون ئین‌ژوا گەلەکاکێ رێنـــج بەربو ، ئەو کەسێ کەســـپێ‌بکەتو خو ماندی بکـــەت دێ باش ژیت ٠ ڤێجـــا دەستێت‌رێنج بەری گر ببونو هندەك پەق کە تبونێ ٠ هەڤالي وي‌گوتێ:ئەڤە پچەڤە تو هندماندی دبي بەرێ خوبدە دستێت خوێت چەلێ هاتین رێنج بـــەري لێ‌ڤەگیرا (هەتا بەرێ دەستي‌رەش نەبیت تا مادەڤی خوش نابیت) ٠ مـــەزنا یاگوتی :(رەشا توو دەستێت خو :) یا هاتیە گوتن بو ڤێ دنیایێ‌ئو مرڤێت تێدا ، وەکی ئاڤەکا بوش هـــەکو ئێك بکەڤیتێ ،هەکە ئەو خو زیرەك نەکەت دا خو دەر بێخیت دێ خەندقیت٠دڤیت مروڤ خو پالنەدەتە ئو خوپێلیتە پهیڤیا خەلکێ ڤە ئودالســـــەر قازانجێ ئێکي دي بژیت هەکـــە دێ دیماهیێ‌پیشەمان بیت ٠

مەزنا یاگوتی : (هەکە کەرکەتە هەریێ کەس ژ خوداني فەرتو نینە :) جارەکێ دبێژن‌ئێك چو کەروانی کـــەری‌وي کەتە هەریێ هەتا بن‌زکي هندی‌هاتێ چار یێ‌بو دەرێ‌خستناوي نەدیتن دیت کەوانـــەك تۆیرێ‌راهات وان گوتێ داهـــاري تەبکـــەین گوتێ : دێ دووژهەوە هەرنە رخێ‌دي یێ‌کەري (ئەو رەخ ێپ هەری بو) وان‌گوتی برا کـــەس ژ خوداني فەرترنینە بچیتە ناڤ هەریێ ٠

تەشي ڕستن

دیمه‌نی كوردستان

قه‌لا میژوی‌یه‌كه‌ی شاری هه‌ولیری شیرین

له‌باخی هونه‌وه

له بیریكی شیواوه‌وه
له‌هه‌ستیكی دڕاوه‌وه
له زه‌نگاوی مه‌رگی هۆشا
له ده‌فته‌ری گه‌وره‌ی بۆشا
باسی كوردو رێی كورد كرا
وا ناو برا
« كورد تووشی ده‌ردی گرانی
بێ ئامانی
شێرپه‌نجه‌ی كوشنده بووه »
« هه‌تا مابێ
به هیچ نابێ »
« تاكو ئه‌مرێ ••• هـــه‌ر
نووستووه »

●

ئه‌ی میژووی كورد
بیِره گفتار
ئه‌ی پاڵه‌ی كورد
بیره ره‌فتار
بام له ئیوه
له‌وه‌ی ئیستاش وان به ڕێوه
له بیری تازه‌ی پیشكه‌وتوو
بیری زیندوو
ئاگری دوزه‌خێ خۆش كه‌ین
نه‌وه‌ی شورش وه‌ها گۆش كه‌ین
(شێرپه‌نجه‌كه‌ی) كورد له‌ناوبات
هه‌موو خاكی كوردمان یه‌كخات

خه‌زان

هه‌ن كه ئه‌ڵێن

شـــاعیری ئه‌لمانی : هیلمـــون برایسلر ، وه‌رگیرانی : « عه‌ین »

هه‌ن كه ئه‌لین •••
له‌وشوینه‌ی كه قینی لی‌یه ••
جی‌ی خوشه‌ویستی تیانیه ••
به‌لام دلنیاین ، خوشه‌ویسته‌كه‌م
له‌و كاته‌وه‌ی ، یه‌كمان خـوش
ئه‌وی •••
قینمان به‌رامبه‌ر سزای ره‌ش‌و
نارەوای زیاتر بووه ••

●

هه‌ن كه ئه‌لین ••
ئه‌وه‌ی خوشه‌ویستی له‌دلایـــه
له‌چه‌ك نزیك نابیته‌وه ••
بـــه‌لام به‌ته‌واوی دلنیـاین
خوشه‌ویسته‌كه‌م
له‌وكاته‌وه‌ی ، یه‌كمـــان خوش
ئه‌وی ••
ده‌ستم له‌ســـه‌ر پیلكـــه‌ی
تفه‌نگه‌كه‌مه ••
كه ئاراسته‌یه به‌روی توره‌یی‌و
ناره‌وایا •• توندتر بووه •••

●

هه‌ن كه ئه‌ڵین ••
ئه‌وه‌ی له‌جه‌رگه‌ی تیكوشاندایه
ناپه‌رژیتـــــه ســـــه‌ر
خوشه‌ویستی ••
به‌لام دلنیاین خوشه‌ویسته‌كـه‌م
له‌و كاته‌وه‌ی یه‌كمان خوش‌ئه‌وی
هه‌ستمان به‌پیویستی خوئاماده
كردن‌كرد بو تیكوشان ••
دژی مردنی ره‌ش‌و نارەوا •
به‌هیزترو به‌هیزتر بوه •

بیریكی ڕاگوزاری

ورینـه !!
به‌لی ورینه !!

● كی پاكه ؟
– چون پاكیه‌ك !؟
● پاكی لـــه هه‌مـــوو رووه‌كه‌وه ! له‌خوره‌وشتا لـــه بیروباوه‌را ، له‌روشتن لـه‌سـه‌ر ری‌ی راست ! له‌گه‌ل خـوی‌و خیزانی‌و كومه‌ل‌و نیشتمانه‌كه‌یا
– پرسیاریكی گرانه !
● به‌لی گرانه ، به‌لام لـه‌م روژه‌دا له هه‌ركه‌سیكی بكـه‌ی سنگ ده‌ر ئه‌په‌رینی‌و ئـــه‌لی « من » ••!
– دروزن ئه‌وكه‌سه‌یه باسی خوی ئه‌كات !
● به‌لام هه‌ندی وائه‌زانـــن « ده‌مه چیت لی‌كه‌مه خراپـــه‌و تاوانی كردوه به‌رامبه‌ر هه‌مـوو **شتی تو ئه‌یگری‌و شایانی ریزه** نه‌ك تاوان كردن به‌رامبه‌ری ، به‌لام كه یه‌ته سه‌ر لی‌كولینه‌وه‌و روبه‌روبون « نه‌بای دیـــوه و نه‌بوران !! به‌لی « ده‌مه چیت لی كه‌مه ! »
– باوه‌ریشیان پی‌ئه‌كـری ! له‌گه‌ل ئاشكرایی ناراستیشیا •
● ئه‌مـــه به‌چی‌لیــــك ئه‌ده‌یته‌وه !
– ئیمه له‌یه‌كتری ئه‌ترسین ! به‌جوریكی تر « هه‌موومـــــان له‌راستی ئه‌ترسێین!» هه‌موومان « خراپه‌مان » هه‌یه ، من ناویرم به‌تو بلیم « به‌ری چاوت كـــلی پیوه‌یه » نه‌وه‌ك تو « له‌كـل زیاتر به‌چـــاوی منـــــه‌وه بدوزیته‌وه ! » •
● به‌لام ئازایه‌تی‌و راستی !؟
– به‌هه‌موومان قســـــه‌ی له‌سه‌رئه‌كه‌ین‌و هه‌مووشـمان ، ژیر پیمان ناوه ! » •

به‌هره

بروانه ل : ٥

له هه‌ر باخی گولێك

گولیك له‌ڤیتنام

[یاداشت له به‌ندیخانـه‌وه]

ئه‌مه ناونیشانی كومـــه‌لێ هونراوه‌ن كه ژماره‌یان ئه‌گاته سه‌د ، له‌م‌دوایه‌دا له‌شــــاری «هانوی» به‌زمانی فه‌ره‌نسی‌چاپ كرا ، وه‌به‌رهه‌می ســـه‌ره‌كی ڤیتنامی كوچ‌كردو « هوشی منه » یه ، كه له‌ماوه‌ی گواستنه‌وه‌یا بو ١٨ به‌ندیخانه نه ناوچـه‌ی « كوانگك » له چین سالی ١٩٤٢ بو ١٩٤٥ نووسیویه‌تی •

ئه‌وه‌ی شایانی گیرانه‌وه‌یـــه سه‌ره‌كی كوچ كردوی ڤیتنـــام ئه‌یزانی یاساوله‌كانی ئـــه‌و به‌ندیخانانه له‌ده‌سته‌و دایه‌ره‌ی « شان كای شك »ن خویندن‌و نووسین‌به‌زمانی ڤیتنامی ئه‌زانن جا ئه‌یزانی ئه‌گه‌ر هونراوه‌كانی به‌رده‌ستیان بكه‌ویت ئه‌یبه‌ن ، له‌به‌رئه‌وه هه‌مووی به‌زمـــانی كونی چین ئه‌نووسیه‌وه ، كاتی « هوشی منه » گه‌رایه‌وه بـــو ڤیتنام‌و ده‌ستی كرده خه‌باتـــی رزگاری وولاته‌كه‌ی ئه‌م كومه‌له هونراوه‌یه‌كه « ئه‌دیبی فرنسی « بورداریل » باسی كــــرده‌وه به‌وه‌ی : وینه‌ی سروشته له‌سه‌ر ئاوریشم » وون بـــو بوون ، به‌لام دوای چه‌ند ســــالیك كابرایـــه‌كی لاوێ دوزیه‌وه وه له‌هانوی دایه‌وه به‌ســـــه‌ره‌كی كوچ‌كردو ، ئه‌م هونراوانـــــه

نوسه‌ری ڤیتنام « ڤان گویان » وه‌ریگیراونه‌ته سه‌زمـــــانی فه‌ره‌نسی •

●

پاشماوەی [ئەرکی لێکۆڵینەوە بۆچی‌یە ؟ نووسین‌و هۆنینەوە چ پێویستە ؟

ماوەتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەڵێ : « هۆنەرو نووسەر حوز بەلێکۆڵینەوە ناکەن‌و نایانەوێ لە هۆنراوەکە یا لەنووسینەکەیان بکۆلرێتەوە » •

ئەگـــەر باوەڕی هۆنـــەرو نووسەرەکان وابێ مانای وایە کەوتۆنەتە هەڵە چونکە ئێمـە بەپێی ئەوباسەی لەسـەرەوە کردمان ئەتوانین بلێین « وێژە لێکوڵینەوەی ژیانە » کەواتـە هۆنەرو نووسەر بۆچ ڕێ ئەدەن بەخۆیان لەژیان بکۆڵنـــەوە ولێی وورد ببنەوە کەچی ڕێ نادەن کە (رەخنەگر ــ ناقد) روو لەوان بکات‌و لەخۆیان‌و لە بەرهەمەکەیان ووردبێتەوە ؟

جگە لەوەش لێکۆڵینـــەوە گەلێ سوودمەندەو گەلێ ئەرکی ئەکەوێتە ســـەر • سـوودی لێکوڵینـــەوەش لەســێ‌لاوە دەرئەکەوێ :

لەلایێ بۆ هۆنەرو نووسەرو لەلایێ بۆ خوێنـــەرو گوێگرو لەلاییکی تر بۆ خودی وێژەکە:

١ ــ لێکۆڵینەوە بەرامبـــەر هۆنەرو نووسەر ئەم ئەرکـەی ئەکەوێتە سەر :

أ روون کردنەوەی بنچینەی نووســـینەکان‌و گـــەیاندنی بەخوێنەرو گوێگر ، جا دیارە لێکۆڵینەوە ئەبێتە ئەلقەیـــەك‌و نووسەر و خوێنەر ئەگەیەنێتە یـــەك ، ئابەم‌خورە هۆنـــەر یانووســــەر ئەتوانی لەژیانی کۆمەلایـــەتی هاوبەش بێت‌و کاربکاتە سەر کۆمەل‌و کۆمەل کاری تێ‌بکا ، وەزۆر جـــار وائەبێ کــــە چاخێـــکی وێژە بەرجەستەو بلیمەنێك بێچیتەوەو بۆن هەڵئەگرێ‌و ئەو ،نەمـرە سەر لەنوێ زیندەو ئەکاتەوەو ژیانیـــکی هەمیشـــــەیی پێ ئەبەخشێ •

ب ــبەرزکردنەوەی نووسەرو هاندانی: بەڵێ هەرلێکۆلینەوەیە تەماشای چەندێتی‌و چونیـەتی سەرکەوتنی نووسەر ئەکا لە : هونراو ، پـەخشان بەووتارو چیرۆك‌و پێوەر ••••• هتد • لـــەبارەی هێزی دەربڕینـــی نووسەرو لەبارەی کارکردنـــە سەر ژیان‌و پێش خستنی •• ئەگەر ،نووسەر بەهەلە چووبێ هەر خێرا ئاگاداری ئەکاتەوەو هۆشی دێنێتەوە سەر و رێگای راستی پێشان ئەدا ، خۆ ئەگەر خۆی رێچکەیەکی راستی‌گرتبێ ئەوە لێکۆلینەوە ئەقیزەو هانی ئەداو ریگای پاگژ ئەکاتەوەو نەخشەی بۆئەکێشێ ، کەدابێ لێکۆلینەوە رابەرو پێشـــەوای نووسەرە •

ج ــ ئاگادار کردنی‌هۆنەرو نووسەر لە بیروباوەڕی کۆمەل بەرامبەر بەرهەمەکەیان‌و وایان لێ‌ئەکات کە لەکاتی نووسینا سەرکێشی سەختی ئارەزوویان نەختێ کەم بکەنەوەو بەتەواوی لەگەڵ ئەو کۆمەلە تیکەل ببن، بەم‌جۆرە هەرەوەزی‌رۆشنبیری‌و پەروەردەیی دێنە ناوەوەو وێژە وەکـــو گولوپیکی کارەبا ئەکەوێتـــە ناو شـــەوەزەنگی ژیان‌و رۆناکی ئەکاتەوە •

٢ ــ هەروەها لێکۆلینەوەی وێژەیی بەرامبەر بەخوێنـــەرو گویگر ئەم ئەرکەی ئەکەوێتـــە ســـەر :

أ ــ نزیك کردنـــــەوەی بەرهەمی نووسەر لەخوێنـــەرو یارمەتی دانی بۆ تێگەیشـــتن لـــەبیروباوەڕو جۆری ژیانی نووسەرەکە بەتایبەتی ئەگـــەر نووســـەرەکە ووردو قوول‌و شێوەی نووسینی گران‌بێت •• وە ئەو سودەش بەزۆری بـــەو خوێنەرە ئەگـــا کەتازە پێ‌ی ناوەتە مەیدانی وێژەو هێشـــتا ئاوکی ســـێ‌خۆشـــی وێژەی ،نەچێژتووە •

ب ــ لێکۆلینەوە نەخشـــەی نموونەیی‌خوێندنەوە بۆ خوێنەر ئەکێشی ، چونکە ئەو کەسەی لەشت ئەکولێتـــەوە نەرم‌و لەسەرخۆد قوول‌و ووردترە •• وەلایەنی پەسندو جوان‌پێشانی خوێنـــەر ئەدا ، بـــەم جۆرە بەهرەی خوێنەر لەخـــەڕەك ئەدرێ‌و خاوێن ئەکرێتـــەوەو چەشەی بەتەواوی ئەبێتەوە •

ج ــ یارمەتی خوێنەر ئەدا بۆ هەڵبژاردنی ئــــەو باس‌و نووسین‌و دەقانـــەی بەسوودن بەم کردەوەیە کاتێکی زۆریان بۆ ئەگێڕێتەوە • بەڵێ راستە خوێندنەوەی، تایبـــەتی سوودمەندترە بەلام کێ هەیە ئەرکاتە یا ئەو توانایە یا ئەو تەمەنـــە یا ئەو مالەی هەبێ کە هەموو شتێ بکڕێ‌، بخۆنێتـــەوەو باوەڕی خۆی بەرامبـــــەر دەربڕێ ؟!!!

٣ ــ دبیـــان لێکۆلینـــەوە بەرامبەر خودی وێژەکە ئـەم ئەرکە بەجێ دێنێ :

أ ــ وێژە بەهێز ئـــەبێ‌و بەگوڕ بۆپێشووە ئەڕوا چونکە لێکۆلینەوە لەنووســـەر وورد ئەبێتەوە بەم‌جۆرە بەربەرەکانی ئەکەوێتە نیوانیان هەروەکـــو مل‌ملانەش ئەکـــەوێتە نیوانی نووسەرەکان • ئا بەم جۆرە ،نووسەر کە ئەنووسێ بیر لـــە لێکۆلینـــەوە ئەکاتەوە بۆیـــە لەبیری جوان‌و خـــەیالی بەرزو شێوەی رەوان تا ئەو پـــەڕی بەرزی ئەفڕێ •

ب ــ چاخـــەکـــانی وێژە ئەگەیەنیتەیەك • وەکو پارچە هۆنراویکی‌کۆن بگرێ‌ولەبارەی ووشـــــەو بیری رەق رۆنی بکاتەوەو بەو سەردەمە بیبەـ ستیتـــەوە • بـــەم جۆرە وە ئەسەر دەســـتی لێکۆلینـــەوە چاخەکانی وێژە وەکو ئەلقەتێك هەلئەکشێن •

جـ ــ لێکۆلینەوە پشـــتی وێژە پتەو ئەکات‌و وای لی‌ئەکا کە دەسەلاتی بەســـــەر دلی گویگرو خوێنەر بکشێ‌و بیان خاتە داوی خۆیەوە •

باشماوەی [میری شورش]

هەول‌ئەدات بو پێشخستنی ئەم وەحدە ئیداری‌یەو قول‌کردن‌و فراوان کردنی رەوابینینی میللەتی کورد بو هەموو مافـــە نەتەوایەتی‌یەکانی بو ئەوەی ببیتە دەستەبەری بو حوکمـــي ئوتونومی ، وەتا وەکو ئەم یەکیەتی‌یە ئیداری‌یە دیتە دی ، کاروباری نەتەوایەتی بەریووە ئەبری لە ریگەی کوبونـــەوەی دەوری نیوان لیژنەی بەرزو مەحافزەکانی هەریەی ژورو • وە لەبەر ئەوەی ئوتونومی لە چوارچیوەی کوماری عیراقـــدا دائەمەزری بویە بەکارهێنانی سامانە سروشتی‌یەکانی ناوچەکە لە ئیختصاصی دەسەلاتەکانی ئەم کومارە ئەبێ •

١٥ ــ میللەتی کورد بەشداری دەســـەلاتی تەشریعی ئەکات بەنیسبەتی دانیشتوانی خوی بەرامبـــەر دانیشتوانی عیراق •

هاونیشتمانیانی کورد

ئەم دەسکەوتانەی کە شورش بەدی هینـــان لــــەوە زیباترنین کەریگەیەکن بو گەیشتن بـــە هەموو ئامانجـــە نەتەوایەتی‌یەکانتان لە سایەی ئەم وولاتـــە خوشەویستەو یەکیەتی گەلە مەزنەکەی ، وە میژو شاهیدی ئەوە ئەبیت کە ئیوە هەمیشە برایەکی دلسوزو هـــاو پەیمانیکی هەمیشەیی وەکو میللەتی عەرەبتان نابی •

ئەی جەماهیری گەلە مەزنەکەمان :

تەنها خواستی ئیـــــوە ، لەیەکیتی نیشتمانی‌دا ، سەرئەکەویت ، وە لەسەر بەردی هوشیارتیان بو ئەرکـــە میژوویی یەکانی سەرشانتان هەموو هەولدانیك وردوخـــاش ئەبیت بۆ بی‌هیزکردنی یـــەکیتی خەباتتان • ئـــوردوە تیکوشەرەکانتان ئەمرو توزی پیلانەکانی دوژمن‌و تەماعکاران لەخوی ئەتەکینی ، بو ئەوەی هەمووی وەك‌یەك پارچە بـــرون بەرەوپیشەوە ، پریان بیت لەهیزو وریایی‌و خواستی کارکردن‌و خەبات ، بو سەرخستنی مەسەلەی هەرەگەورەی نەتـــەوەی عەرەب ••• فەلەستین ••• وە بو بەدی‌هینانی ئامانجـــە پیروزەکانتان لە یەك‌گرتن‌و سەربەستی‌و سوشیالیزم‌دا •

ئەی جەماهیری نەتەوەی عەرەبی تیکوشەرمان •

بەم جورە لاپەرەیەك کوتایی دیت لە میژووی ئـــەم ولاتە تیکوشەرە ، بو ئەوەی لەســـەر دەستی شورش‌دا وە بەدەستی هەموو تیکوشەرانی ئازادیخوا لە رولەکانی ئـــەم ولاتە ، لاپەرەیەکی رووناکی نوی هەل بدریتەوە ، کە تیایـــا جاریکی‌تر ••• وە لەسەر ئەم خاکە پاکـــە ، مەرجەکانی خوشەویستی‌و ئاشتی‌و برایەتی لەنیوان هەردوو نەتـــەوەدا بیتە دی ، ئەو دوونەتەوەیەی کە میژوویەکی خەباتی ناوکوی‌یان هەیە ، بە دریژایی میژوو ، وە لەمەودوا ••• وە هەتا هەتایە شەرەفی زیندوکردنەوەی ئەو خەباتە ناوکویی‌یەیان پی‌ئەبریت •• لەپیناوی سەرکەوتن بە سەر هـــەموو دوژمنانی ئـــــەم دوونەتەوەدا •• کە دوژمنـــی هـــەموو گەلان‌و گشـــــت مروڤایەتین ، کە ئەوانیش تەنها ئیمپریالیزم و سەهیونیەتـــو دواکەوتنە ، هەروەها شەرەفی هاوبەشی‌کردنیان پی ئـــەبری لە پشت گیری کردنی خەباتی گشت مروڤایەتی لەپیناوی ئازادی‌و پیشکەوتن‌و چەسپاندنی شارستانیتی ئەم عەسرە ، لەســـەر بناغەی مافو یەکسانی‌و عەدالەت لەنیوان هەموو گەلانا •

بەرەو خەباتیکی ناوکویی •• و هیواو ئاواتی ناوکویی •• وە سەرکەوتنی نەتەوەی‌و مروڤایەتیانەی ناوکویی •

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش

پاشماوەی ل (٥)

لەرێگـــەی دروست کـــرنی هەندێ پیشەسازی کـــەخوی هیچ پێ‌ویستیەکی‌پێ‌نەماوە لەو وولاتانەی کە پێ‌ویستیان بـــە هەموو چەشـــنە پێشەسازیەك هەیە ، وە ئەم ووردە پیشەـ سازیانەی بەستـــی‌یەوە بـــە بازرگانی کەخوی لەو مەییانـــە دەسەلاتدارە ، بـــەم شێوەیـــە چینێکی سەرمایەداری دروست کرد کە لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەنـدی خویان ، خویان هەول ئەدەن بۆ نشوونماکردنی توانای کرینی میللەتەکانیان‌و بۆ بەستنەوەی‌ئابوری‌نیشتمانی بەسەرمایەداری جیهانی‌یەوە •

ئیتر کەمیللەتانی‌دوواکەوتوو تازە رزگاربو تێ‌گەیشـــتنی شورشگێرانەیان پەرەی سەند سەرمایەداری جیهانی دەســـتی کرد بـــە بەکار هێنـــانی « سوشیایزمی » ئیصـــلاحی » وەکو ئالەتێکی بۆگـــەنی پیس دژی « سوشیالیزمی عیلمی »، وەوەکو بەشێك لەو هەولـــە چەپەلەی لەپێناوی زیاتر کردنی توانای کرینی جوتیارەکـــان ، بۆئـــــەوەی ئەمانـــە بتوانن ئیســـــتهلاکی بەرهـــەمەکانی سەرمایەداری ناوخویی بکـــەن کـــە سەرنجام ئیستهلاك کردنی بەرهەمە زیبایەکانی سەرمایـــە داری جیهانی‌یە •

ماویەتی



پاشماوەی (ڕێڕەوی •••

چارەسەرکردنی مەسەلـەی نەتەویەتی گەلی کورد ، بەلکو رووداویکی ئیچگـــار گرنگ بوو لەژیانی گەلی کورددا •

دان نان بە ئوتونومی‌دا بو کوردستان وە سەلماندنی هـــەموو مافە نەتەوایەتی‌و رۆشنبیری‌یەکانی گەلی کورد بزووتنـــەوەی نەتەوایەتی گـــەلی کوردمان ئەخـــاتە پلەیەکی تری خەباتـــەوە ، دوای ئەوەی بە ئەنجـــامی تیکوشانی سەخت‌وفیداکاری کومەلانی خەلکی کوردستان ئەم بەرهەمە [گران بەهایە] هاتەدی بۆ گەلی کوردمان •

جەماوەری رەنجـدەرانی کوردستانیش ، کە ئیستـە شادبوون بە بەرهـــــەمی خـــەباتی پیروزی خـــویان ، ئەم‌ئەنجامە زیاتر هاندەریان ئەبیت بۆ دریژەدان بـــە خەباتی خویان لەپینـــاوی هەموو مافـــە نەتەوایەتی‌و مرۆڤایەتی‌یەکانی تریاندا •

دان‌نان بە مافە نەتەوایەتی یەکانی گـــەلی کوردمـــانا لەسەر بناغەی ئوتونومی بو کوردستان ، ئـــەو راستیە ئەسەلمینی کـــە خـــەباتی کومەلانی خـــەلك ، زوویێت یان درەنگ هەر بە ئامانج ئەگات، وە خوینی شەهیدانی ریگەی رزگـــاری‌و ئامانجی دوور ، هـــەرگیز بەفیرۆ ناروت‌و ریگـــەی دواروژی بەختیـــارمان رووناك تر ئەکاتەوە •

هەروەها کوتایی هینـــان بەشەری برا کوژی لـــە کوردستاندا ،وە براندنەوەی گیروگرفتەکانی ناوچەکـــە بەگشتی ، جەماوەری گـــەلی کوردمان ئەخاتە سەر ریگەی ژیانێکی نوێ ، ئەیان خاتە سەر ریگـــەی بنیات نان‌و ئاوەدان کردنەوەی ولاتـــە کاول‌و ویرانەکـــەمان •• رێگـــەی دروست کردنی ژیانیکی نوێ‌و ئاسوودە بۆ کومـــەلانی زەحمەتکیشی کوردستان ، کە تیایا گەلی کـــورد پلەیـــەکی میژوویی لەتەمەنی خوی ئەبریت •

بێ‌گومان سەلماندنی ئـەم مافانەو چارەســـەرکردنی مەسەلەی‌کوردو چەسپاندنی ئاشتی‌یەکی راستەقینە لـە کوردستاندا ، وە بە ئاشتی پیکـــــەوە ژیانی هەردوو نەتەوەی کوردو عـــەرەبو کەمایەتی‌یە نەتەوەی‌یەکانی عیراق لە چوارچیوەی یەکیتی نیشتمانی گـــەلی عیراقدا ، دەوری کاریگـــەری خوی ئەبێت لـــە پتەوکردنی خەباتی ناوکویی جەماوەری رەنجــــدەرانی عـــەرەبو کـــورداو بۆ تەرخان‌کردنی هەموو توانایان لەپینـــاوی بەرەنگاری‌کردنی ئیمپریالیزو سەهیونیەت‌و بەکــــری گیراوەکانیان •

کوردو عەرەب شادی خویان دەرئەبرن بەبونەی ریکەوتنی ئاشتی‌یەوە